# وەرە لە باخ پێت دەڵێم

حەسەن هەندرێنی

٢٠٢٤

- ناوی کتێب: وەرە لە باخ پێت دەڵێم
- بابەت: شیعر
- نوسەر : حەسەن هەندرێنی
- دیزاینی ناوەوە: دادیار ئازاد
- بەرگ : تەیب موعتەسم
- چاپخانە: شوان
- چاپ و ساڵ: یەکەم – ٢٠٢٤
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان، ژمارەی سپاردنی (٢٩٠)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە.

**بەرهەمی (ڕێکخراوی هاوڕێیانی کتێب)**

# پێرست

ئێمە لەو نیشتمانە بزر بووین ........ ٨
لەو تەنیاییە دەرمبێنە ........ ١٣
لەگەڵ خۆت بمبەرە باخ ........ ١٧
دەچمەوە کۆڵانی نێرگز ........ ٢١
ئێوارانی بێ تۆ ........ ٢٤
سەمای بڵێسەکان ........ ٢٨
پایز ........ ٣٤
ڕێگا ........ ٣٩
تەمەن ........ ٤٢
تەنیایی ........ ٤٦
وەرە لە (باخ) پێت دەڵێم ........ ٥٥
ئاوێنەی باخ ........ ٦٠
پەڕینەوە لە پردی خەیاڵ ........ ٦٥
گوڵ هەموومان دالْدەدەدات ........ ٦٨
گوڵستان ........ ٧١
باران ........ ٧٢
لە کازیوەوە تا پەنای ڕێژنەیەك باران ........ ٧٥
ئێوارەباش خەرەند ........ ٨٧
هوما ........ ٩١

پاڵەوانەکان گەڕانەوە لە جەنگ ........ ٩٥
ئاوازی ڕەش ........ ٩٧
ژووری ئینعاش ........ ١٠٢
هاواری لەتەگۆزەکان ........ ١٠٦
بەر لە تۆ من لەوێم ........ ١١٠
سێ ئاوێنە و پەیامێك ........ ١١٢
ئەو نامانەی دیدارێك دەیاننووسێتەوە ........ ١١٦
دوایین نامە ........ ١٢٠
جەمال ........ ١٢٣
ئاوارە ........ ١٣١
شەونخوونی ........ ١٣٣
نابینا ........ ١٣٥
تەڕبە باران ........ ١٣٧

## ئێمە لەو نیشتمانە بزر بووین

تۆ داناتربوویت حەوا، یان بێ ئۆقرەتر؟

ئادەمت لە خەودا جێهێشت و دوای خەونی خۆت کەوتی.

بیرت لە تەنیایی ئێمە نەکردەوە؟!

بیرت لە جاویدانیی ڕۆح و

چێژی ناکۆتا نەکردەوە؟

نازانم چەند ڕۆژ بەدیار ئەم سێوە دانیشتوویت؟

چەند شەو هاتۆتە خەونت؟

چەندجار بە پەنهانی ڕایتەکاندوویت؟

ئێمە لەو نیشتمانە بزربووین، کە لە خەونی تۆدا خەملی.

کە بەدەستی تۆ نەخشێنرا.

ئەو نیشتمانەی، لە ئەزەلەوە تاوێرەکانی سوورن بە خوێنی براکان.

ئەو نیشتمانەی، شەپۆلی ڕووبارەکانی پڕن،

لە پەلی بەجێماوی هاوار .

کە نیشتمان پڕبێ لە گۆمەخوێن

دەستە بە خوێنەکانت بۆ دەشاریتەوە قابیل؟

ئێمەش وەك تۆ لە قوربانییەوە، شکستمان هێنا!

تۆ ئازیزێکت دۆڕاند و بەر نەفرەتی ئادەم کەوتی.

ئێمەش نیشتمانمان نەبردەوە و بەر نەفرەتی دایکان کەوتین.

تۆ سەرکردەیەکی دۆڕاوبوویت، کە سەرسامانە هاتیتە سەر تەرمی هابیل.

تۆ ویژدانێکی تۆقیوبوویت، کە ژیان لەبەر پێت بەچۆك داهات .

ئێمەش سەرکردەی بێباکین، کە نیشتمان نەزیفبووە لەبەرپێمان!

من جووتیارێکی ئەو گوندانەم، ڕەنگە نەسلم لە تۆ بێ، قابیل .

لەپشت کەڵەکەبەردەکانی کێڵگەی تۆ،

کەڕەنای یەکەم جەنگ لێدرا.

کەوایە،

فوارەی خوێنی هابیلە،

ئەمڕۆ لە جەستەی شەکەتم قوڵپەدا.

ئەو سیحری ئاشتییە بەتاڵەکاتەوە،

کە من و براکەم وەك هاوخوێن، هاوسەفەر بووین.

بۆ ئەم سەفەرەی کۆکردنەوەی براکان،

نوحێك لە کوێ بدۆزینەوە،

بە کەشتییەکەی هەڵمانگرێ و نیشتمانێکمان بۆ چێکات.

نیشتمانێك دوور لە زایەڵەی دەنگی یەکەم قوربانی.

دوور لە تورەیی یەکەم کەس، کە هەمووانی ڕاهێنا لەسەر کوشتن .

دوور لە شەپۆلی نائومێدیی ئادەم، کە بەر کەناری دڵمان دەکەوێ.

کەس نەبوو پێت بڵێ:

دونیات چەند بچووککردەوە ئەی نوح .

دەڵێی پێشبینیی ئەمڕۆت کردبوو؟

هەمووت لە کەشتییێك جێکردنەوە!

ئێمە هەموو لەو نیشتمانە خەیاڵییەی تۆداین، ئەی نوح.

ئێمە هەموو لەو نیشتمانە جاویدانییەی تۆداین،

کە پڕپەتی لە سەرنشینی وێڵ.

کە پڕپەتی لە بەختەوەرییەکی ڕێپێنەدراو.

کە تەژییە لە چاوەڕوانیی ئومێد!

ئەو ئومێدەی پەنجەرەیەك دەدۆزێتەوە تا پێی بڵێ:

وەرە سەیرکە ...

چەند جوانە سیمای نیشتمان، دوای نیشتنەوەی شەڕ.

چەند جوانە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خاك،

پەلکەزێڕینە گرێبەندی بکات.

چەند جوانە سەرئاوەڵابوونی نیشتمان، کە کۆترەکانی هەڵدەفڕن.

چەند پڕ ئومێدە لەنگەرگرتنی نیشتمان، کە لە کێوی ئارارات دەدات.

زۆر دەترسم

نیشتمان قلیچکەی ئومێدی لەسەر هەڵنەتۆقێ و

بە دەرگاکانی ئاشنامان نەکات.

زۆر دەترسم ... زۆر

حیلەی ئەسپەکانی بیابان،

بگەنەوە گوێی نیشتمان.

زۆر دەترسم کەشتیەکەمان،

خۆی بە ئارارات نەکێشێ و ئەو ساتە کۆمیدییە بێتەوە،

کە خواوەند سەعاتی ڕاگرتبووەوە و

ئێمەش چاوەڕێی کۆترببووین!

ڕەواندز ٢٠١٣/٦/١٣

## لەو تەنیاییە دەرمبێنە

من بۆ هاتم؟

دیارە بەر لە هاتنی من،

باسێك هەبووە لە هاتنی وەرزی زستان.

جا کەوابێ، ئێمە نین ئەمێنینەوە،

وەرزەکانن ...

شانیان لەیەك گیرکردووە و

ئێمەیان خستۆتە ناو دەستان.

گەر نەهاتبام چی دەبوو؟

خۆ کە هاتم موعجیزەیەك دروست نەبوو.

وەرزێك لە ساڵ زیادی نەکرد،

ڕۆژێك لە هەفتە، کەم نەبوو.

بە دەرچوونم لەم بەرەی ژیان بۆ ئەوبەر،

هەندێ پەڵەی نادیاری خەم،

لەناو سینەی یار جێدێڵم.

تارماییشم، لەسەر کورسیەکەی ژێر دارسنەوبەر.

ئەمە چ هاتنێکە؟!

سەر لە بوونی خۆم دەرنەکەم.

(بوون) لە سەری خۆم دەرنەکەم.

خۆ تەمەنێکی دیش قەرزکەم، ئەم هاوکێشەم بۆ (شی) نابێ.

کەوابێ منیش وەك حەسەنەکەی بەر لە خۆم،

بێ حیکمەت و

بێ جێهێشتنی پرسیارێ، دەبێ بڕۆم.

بەقەد ئەو خەندانەی باوکم،

دایکم ئەشکی بۆ باراندووم.

پرسیارمکرد، چەند یاسایەکی زاڵمە،

دەبێ کێ وا ڕێی پێدابێ؟

گوتیان : ئاخر، لەم ڕۆژهەڵاتە خەمگینە، دەبێ تەرازوو ئاوابێ.

خەیاڵ نەبا،

نەم دەتوانی، هەور بکەمە ڕاخەر و

ئەستێرە توند لە باوەشکەم.

شەوی تارم پڕ لە نوور و

خەمم لەگەڵ ڕووبار بەشکەم .

من زۆر قەرزاری خەیاڵم.

ئەوەندەی لە جوگرافیای ئەو ماومەتەوە،

هێندە لەناو پەیکەرم نا.

جا کەوابێ، خەیاڵە من ئەنووسێتەوە و

هەر ڕۆژ بە شەپۆلێکم دائەدا،

تا کەناری مردن ئەمبا،

ناچارم ئەکا هانایەك بەرم بۆ نەجاتم،

لەم نێوانە، ئەوەی زۆرە تەنیا پرسیاری هاتنە،

دیسان دەڵێم من بۆ هاتم؟!

من بۆ هاتم؟!

## لەگەڵ خۆت بمبەرە باخ

هەر چرکەیەك، کە تەمەنم فەنا ئەکات.

ئەوانەی تۆش لەگەڵ خۆیدا، مەحو ئەکات.

ئاخر ڕۆژێك تۆ پێت گوتم؛ نیوەی منی،

منیش ئەو ڕۆژە پێم گوتی؛

بەخوای (ڕوحێ) تۆش نیوەکەی تری منی.

خوا، یەك میوەی لە پیرە ئادەم حەرامکرد.

تۆ باخێکی پڕ لە میوەت داخستوە بەسەر مندا.

ئاخر شوێن هەر پەنجەیەکت،

تامی جۆرێك میوە ئەدا.

سەفەر بۆ هەر شوێنێك بكەم،

تۆ لەتەنیشتم ڕێ ئەكەی.

نەك وەك سێبەر،

وەك تەواوكەرێك بۆ لاشەم.

ئاخر من بوومەتە وەلی و تۆش بوویت بە شەم.

وەرە سەر وە باوەشمكە و

تێر بگریێ! هەتا دڵت ئۆخەی ئەكات،

ئەوێ مێرگێكی بۆنخۆشە،

دڵنیابە ئارامتەكات.

بەڵێن وایە، فرمێسكەكانت بۆ بسڕم،

هەرچی نامەی كۆنت هەیە و،

لە باوەشی ڕابردوودا سەركز كەوتوون،

دانەدانە پێمیان بدەی، تا بیاندڕم.

نامانەوێ بە ڕابردووێكی پڕ ناسۆر،

ژوورێك ئاوەدانكەینەوە،

كە ئازار دەستی ناگاتێ و شادی بۆ خۆی كرِكەوتووە.

ئاخر ئەوێ، وەك بەفری یەكشەو بێگەردە،

نەخشی هیچ پێیەك، لەسەر تارایدا دەرنەکەوتووە.

بیرتە (ڕوحێ)؟

ڕۆژێك گوتت، کە ئەتبینم دڵم پەلەپەل لێ ئەدا.

من پێکەنیم و تۆش تووڕە،

گوتت : گاڵتەت بە قسەکەم دێ؟

باوەڕ ناکەی وەرە توند گوێیان لێ بگرە.

گوتم: نا ئەمە عەشقە عەشق،

عەشق:

-پاکت ئەکاتەوە و

جوان دەرئەکەوی، چون گوڵی نیسان.

-هەروەك تۆبەی نەسوح وایە،

لە ڕێیەوە،

خوا، هەناسەیەك ئەدا بە ئینسان.

دەسا وەرە بەو هەموو پاکییەتەوە، گوڵاوڕشێنی ڕۆحمکە.

لە بیریکە ئەو ساڵانەی تیای ژیابووی،

ئەزموونت ئەکرد، جەور و ستەم.

داواکارییم ئەوەیە لێت،

بێیتە باوەش، با ببنە یەك ڕۆح و جەستەم.

چیتر مەڵێ:

ئاخر

بۆ؟

چەند؟

چۆن؟

کو؟

ئا ئەمانە سەردەمێك بوون، نە دڵ لە شوێن خۆی لێی ئەدا،

نە ڕۆح ئۆقرەگرتوو دەبوو.

جەستەش وەکو نەهەنگێك بوو، تێر نە دەبوو.

ئەرێ گورێ،

هەر بۆ سەفەری دابڕان دەستم مەگرە!

چیتر مەمبە مەملەکەتی گریان و ئاخ

دە ئێوارەیەکیش لەگەڵ خۆت بمبەرە باخ.

٧/١ و ٢٠٢٠/٧/١٨

## دەچمەوە کۆڵانی نێرگز

بەرلەوەی بمرم، لە پۆرترێتێکدا، دەچمەوە کۆڵانی نێرگز، لەژێر هەیوانی کۆلارەیەکی شین (کە ئاسمان ئەوەندەی لێ ماوەتەوە)، وێنەیەك بە کامێرای (شێرۆ) دەگرم. هەر دەستوبرد، لە جامخانەی وێنەگرییەکەی دەدات .

دەزانم (ئەو) دوو دانەی لەبەر دەگرێتەوە، یەکیان بۆ گەردانەیەتی، تا لەگەڵ زەردەکانی بخەوێ، ئەوەی دیکەش بە (با) دەدا، هەر تەنها ئەو دەزانێ، ئەو ڕۆحەم چەند حەزی لە ئازادییە.

بێ ناونیشان بە کوچەکانی وڵات دەگەڕێم.

وەك چەپكە ڕەیحانێكی كۆن بۆن هەڵدەگرم.

دەچمەوە كۆڵان لەژێر ڕێژنەكان دەمێنمەوە.

خۆم دەدەمە بەر گوژمەیەك تیشك، تا پەلكەزێڕینەیەك لە منەوە دەردەچێ.

دەچمەوە تامی باسوق لە لێوەكانی دەچنمەوە.

چێژی زەردەكانی بە سەرپەنجەكانم هەڵدەگرم.

هەرچی هەڵاڵەی ناو پرچی هەیە، بە لووتم هەڵیاندەمژم.

ڕۆژان وەك بەدمەستێك خووم بەوێ گرتبوو ... شەوانیش،

لەژێر تریفەكانی، شپرزەییم ناڵەی دەكرد،

دڵێكم بوو، وەك مینای ڕوون،

ئەوی بە ڕووتی تێ دیاربوو،

نیوەڕۆیان، نەفامان بەردیان تێدەگرت،

كە دەشكا، یەكەمجار قژە خورماییەكەی دەڕژا،

دیدەكانی، لەو گۆمە ڕادەمان، كە ترسی خۆی تیا دەبینی.

هێشتا سام بەری نەدابوو،

لە بیرمە ڕۆژێک قاچەکانی ڕژانە سەر (تەختەی شانۆ)

دەیویست پایزێك بێتەوە، لەگەڵ خۆی بمبات ... ناوم نەگەڕایەوە.

پۆرترێته ڕەش و سپییەکانی بردم .

ئیدی ئەو نەگەڕایەوە بۆ ئەبەد.

ئەو ڕۆژەی لەدوام دەگەڕا،

لە کۆڵانی نێرگز خرابوومە بەر جامێکی تەنکەوە.

ڕۆحیشم لەولا...

بێناونیشان بە کوچەکانی وڵات دەگەڕا.

هەر پارچەیەك لە کۆڵانێك، نزای دەکرد.

بۆ هەڵوەرینم دەپاڕانەوە و دەگریان.

دەیانزانی وادەی مردنم نزیکە.

کۆیانکردمەوە ...

بردمیانەوە بەردەم کامێرا، تا وێنەیەکی تازەم بۆ بگرن .

٢٠١١/٨/١٨ ڕەواندز

## ئێوارانی بێ تۆ

هەموو ئێوارانی بێ تۆ،

خۆم لە چۆمی خەم ئەشۆم.

کە تۆ لەوێ لەناو باخچەکە نابینم.

سەیری دارسەرووەکە ئەکەم، سیمای تۆم یاد بخاتەوە.

بێئۆقرە و ئارام، وەك وێڵبوێکی دوای وەڵام،

لەوێ ئەڕۆم.

سەرهەڵئەگرم، بیدۆزمەوە .

سێبەرێك باڵام داپۆشێ و ڕیتمی هەناسەم ڕێکخاتەوە.

ئەو ئێوارانەی کە لەوێم،

لەژێر چەتری فڕینی کپی ڕیشۆڵان،

چڵی سێبەر دەشکێنمەوە، کە تاریکی دەکەن بەرپێم.

وەك خوێکی هەمیشەیش، درەختەکان دەژمێرمەوە.

نەبادا یەکێك لەگەڵ تۆ، هاتنەوەی بیرچووبێتەوە و

نەیزانیبێ، کە من لەوێم.

ئاخر بێ تۆ،

گوڵەباخەکەی سەر ڕێگا، وانەی ڕەونەقی بیرەچێتەوە،

وەك پیرە مالۆسێك لەولا، ڕەش دەچێتەوە.

ئاخر بێ تۆ،

کانیلەکەی بن دارهەنار،

چیتر بە پەرۆشییەوە، گوێ لە خوڕەی خۆی ناگرێ و

بەبێ ئاواز دەڕواتە باوەشی ڕووبار.

ئاخر بێ تۆ،

سپیندارەکان مەست نابن،

ناهەژێنەوە،

شنە ناکەن،

منیان لەبیر ئەچێتەوە و بۆ بوونی من دەربەست نابن.

ئاخر بێ تۆ،

تولەڕێگا، لەگەڵ پێچکردنەوەیاندا، چیتر هەڵناکەن.

باڵندەکان، لەو سەرەوە نیشتنەوەیان بیرنامێنێ،

چیتر دەنووك لە خاك نادەن.

دە وەرەوە

با گوڵەباخ بۆنی خۆی بناسێتەوە و

ڕەنگەکانی بۆ بێتەوە.

ئەمجارەیان، درەختەکان دوای خۆت مەدە و

ئاواز بدەوە کانیلە،

خەو بدەوە نازناز،

با پێکەوە سەرخەوێك لەسەر قۆڵی تریفە بشکێنن،

با لە خۆشییاندا ڕازێن.

ئەمجارەیان، شەراب بدەوە سپیندار،

با لە دوورەوە بهەژێنەوە.

کۆدی پێچکردنەوەی ڕێگا بگێڕەوە،

باڵندەکان داگرە خوارێ، با باڵەکانیان تەڕکەن و

نەغمەی بەجۆش، لە دەنووکیاندا هەڵڕژێن.

ئەمجارەیان، دڵم بێنەوە شوێنی خۆی،

ڕۆح و لاشەم بدەرەوە.

دە وەرەوە ئێوارەیەك،

ڕیتمی هەناسەکانی باخ ڕێکخەرەوە.

٢٠٢١/٨/١٠ هەولێر

## سەمای بڵێسەکان

ئەمجارەیان ...

لەنێو چەمی ئاگرەوە، مەراقەکانی هەڵدەڕژێ.

خۆی لەبەر پرووشەی تاڤگەکان هەڵەخا و

چنگی لە ئازار گیر ئەکات،

تا خۆر بەدیکا ... تا ئازادبوونی خۆی بدۆزێتەوە.

ئەو لەسەر ڕێی سەفەرێکدایە،

بەرەو دۆزینەوەی خۆرێکی دی،

بەرەو پاکیزەبوونەوە لە جەستەیەکی ئازاددا،

پشت لە زەمینەیەکی درۆزن.

یەکەم مانیفێست، بە ڕق دەنووسێتەوە و
تژی دەکات لە وشە قوتوکراوەکانی ژیان،
کە سەردەمی بەسەرچوونیان تیا نەنووسراوە.
تژی دەکات ...
لەو هەناسانەی بە ئاهی چێژ لێیان وەرگرت.
ئەو مانیفێستێك دەنووسێتەوە؛
دوور لە کیبریای کەسێکی ئازاد.
قووڵ لە ناسۆرەکانی یەکەم دەرکەوتن وەك مێ!
یەکەم قوربانی، کە هەر ڕۆژ چەقۆی لەسەر ملێ!
کە هەر ساڵ،
پیتێك دەدۆڕێنێ لە وشەی سواوی ئازادی.

ئەو مانیفێستە تژییە لە تکا.
تژییە لە نەفرەت.
تژییە لە نزا.
مانیفێستێکە بەرد بیرەخاتەوە، بیری یەکەم هاویشتن.

ڕق چاپدەکاتەوە لەسەر کالانی یەکەم خەنجەر.

نەفرەت دەگێڕێتەوە ناو بازنە.

ئەو هەموو بازنانە دەنووسێتەوە،

کە ڕەنگ بە ژیانەوە ناهێڵن، لە ناوەوەدا.

تازە ئەو قاچاغە بە ژیان.

ئاخر ئەو نایەوێ وەك کوکوختییێکی شەرمن،

لە پەراوێزی ژیان بگیرسێتەوە.

نایەوێ لە عەرشی لەنجە دایبگرن.

دەیەوێ ئاگر سەمای بڵێسەکانی خۆی پێببەخشێ،

تا دڵەکان بینووسنەوە.

تا ئەشکەکان حیکایەتی بگێڕنەوە.

ئەشکێکم بەر لە ڕژان گوتی؛

بەر لەوەی بێتە وجودم

لەنێو تەمی تەنیاییدا، وەك جێماوێکی بێ ئۆقرە،

یەکەم سەفەری سەرسامیم،

پەلکەزێڕینە خۆی بە تەنافی هەڵواسی!

ئاگر بەو مەزنییەی خۆیەوە،

نەکەوتبووەوە لە هەناسەکانی نێوانمان.

ئاگر بەو هەموو ئامادەییەوە،

بەری یەکەم لافاوی پێنەگیرابوو.

چزووەکانی پێ نەبەخشیبووم.

ڕاینەگواستبوومە بەردەم یەکەم پەرستگای.

هێشتا زووبوو لەوە بگەم.

ئەو هەموو مۆسیقایە دەکوژێ،

کە لە سینەی (یار) هێشتا مابوو قوڵپ بدەن.

کە لە لەنجەی (یار) هێشتا مابوو بپشکوێن .

کە لە پێچی ئەگریجەیدا هێشتا مابوو بخرێنە سەر ژێی کەمان.

نەمدەزانی،

باوەشی درۆیین بۆ (یار) دەکاتەوە.

(من) وەك نامەیەکی قەدکراو.

لەنێو پەڕەی یادگارییەکانی ڕۆحیدا گڕدەدا.

وەك بۆنێکی جێماو لەنێو ئەگریجەکانیدا،

دەمکاتە بۆیاخێکی خۆڵەمێشی و

ڕەشەبایەك سواقدەدات.

نەمدەزانی ئەو هەموو پەنجەمۆرانەم وەك پەروانە هەڵدەوەرێن.

نەمدەزانی ئەو هەموو چیرۆكانەم بێ باڵ دەمێننەوە .

لە قیژە زیاتر وشەیەك ئەدا ناكەن.

ئەی یار، ئێستا كونجێك نەماوە لە ڕۆحما،

مەشخەڵێكی تیا نەبینی.

نۆتەیەك نەماوە، ئاوازەكانی قیژەی نەچووبنەسەر .

چەند هاوارێكی خنكاوم .

چەند تووڕەییێكی فەرامۆشكراو و

چەند موسافیرێكی بێنەوام.

چەند ڕاهیبێكی خەمین و تاك و تەنیام!

ئەی یار، فەرامۆشیم بە ئاگردێت،

كە لە خەیاڵمەوە وەك ئاو دەڕژێتە سۆمام .

كە لە دڵمەوە بەردەبێتە یادگارییەكان.

وەك پەڕەی سووتاوی دەم "با".... دەمبا

دەمبا ... دەمبا .

دەمكات بە گەرووی دەربەندێك، وەك شاژنێك هەر تۆی تێدا.

دەمخاتە ئەو بۆشاییەی لە تەك ناوت بێ ناونیشان ماوەتەوە!

من لەمەولا بە تەنیا نییم.

لەگەڵ بۆنتا، پێچدەدەم بە كۆڵانەكانی عیشق .

لەگەڵ هاوارەكانتدا، كوچە كوچە وەك سەدایەك بە شوێنتەوەم.

تۆ نابینی بوومەتە چەتری ئەو بەردانەی بە دوای سەرتەوەن.

تۆ نابینی بوومەتە سەفیری تۆ .

ئەو هەموو كەڵلەپووچانەم كردوونەتە بەردەباز و

وڵاتی ئەو هەموو دڵە دەبڕم ... تا بێنمە زمان سووتانی تۆ؟

٢٢/١٠ - ٢٨/١٠/ ٢٠١٢ هەولێر

## پایز

لەماڵیدا:

- خۆر، ڕەونەقی سەر توێی گەڵا، ئەسپێرێتە بەزەیی (با)

- شەو، دزەی مژینی ئاوی لاسکەکانە.

لە تەنیشتیا، سەمای گەڵا و زەردەواڵە.

بە ڕوخساری گوڵی نەخۆشەوە دیارە.

گەر لێت ونبوو،

بە کەزییە ئاڵتونییەکانی بناسەوە،

- بڕوانە بە هەمیشەیی،

ڕۆحی کەناری لە ڕۆخ هەستی ئێمە دەخرۆشێنێ.
بە فرمێسکی، گوڵاوێك لە بۆنی خۆڵ و،
بە باوەشێنی دەستیشی،
لە گونجاوترین پلەی گەرمی، خەونێك بە چاومان دەپژێنێ.

- بڕوانە بە هەمیشەیی،
مێروو و خشۆك، چەند بە جوانی خۆ ڕێکدەخەن.
مەلەکانیش لە قوڵایی ڕیزە باران،
لە شەوێکی (تریفەی مانگەشەو) تیا نەماو،
لە شەوێکی (جریوەی ئەستێرە) تیا کوژراو، مەلە دەکەن.
تا لە هەور نغرۆ دەبن، گەز گەز بە باڵای ئاسمانا هەڵدەگەڕێن.
بە پێپیلکەی بروسکەکانا، سەردەکەون،
تا نهێنی دروستبوونیان، بخەنە سەر دەنووکیان و
بە جریوەجریو باسی بکەن!

- گەر لێت ونبوو،
دەتوانی لە هەناسەی ساردی گەڵایەکی وەریو،
کە سیل وشکی کردۆتەوە، تخوبەکانی بدۆزیەوە.

دەتوانی لە کورتە تیرێژەکانی خۆر، کە خەریکی ئەزموونکردنی ڕەنگەکانە،

دوا بە دوای ڕەهێڵەیەکا بیدۆزییەوە.

- چاو لەسەر کەزییە ئاڵتونییەکان هەڵمەگرە،

ئەو دەتباتە سنووری هەورێکی سامناك.

بە لە دەرگادانی بروسك،

کە لە درزی پەنجەرەکەت، بە بێ مۆڵەت دێتە ژووری،

بە ڕستێك خەتی بزماری، نۆتەی ئۆپێرایەك دەنووسنەوە و

دەیدەنە ئۆرکێسترای خاك،

ئەویش،

لە شەوگاری لە خەوگیرانی هاویندا، بە دەستی لەرزۆکی گەڵا،

لە ڕۆژی وەرینی یەکەم، دەیکاتە تاکە سەمفۆنیا.

- جوان بڕوانە، جەنگی پاسارییە لەگەڵ ئارامییا،

برسیەتی، دەیکاتە ئاوازخوێنێکی حەزین،

سەرما، ناو ڕۆحی دەکێڵێ.

ئاسمان ئازادی بن ساپیتەکانی پێدەبەخشێ.

ترسی لاساری منداڵیش، لە ماڵی پەژموردەییدا، جێی دەهێڵێ.

کەچی، لە هزریدا دوو دڵیەك بۆ دوایی هاتنی دونیا،

لە هەرەسهێنانی هەور و

بەربوونەوەی خواروخێچی بروسکەکان و

هێرشهێنانی ڕەشەبا و

زەوی لەرزە لە بەهێزترین پلەی ڕێختەر و

یەکتربڕینی هێڵە پێکناکۆکەکانی نەیزەکەکان، بوونی نییە.

ئەوان لەنێو ڕێژنەی باران خۆدەشۆن و

لەبن ساپیتەکانیشدا، نوێژی خۆیان دادەبەستن.

لەو ساڵانەی باران یاخییە لە دەغڵ

(هەیاران و مەیاران

دەبێتە وێردی سەر زاران)

هەر بەوەشەوە ناوەستن،

بۆ پەیمانی ئاشتی بەستن، لەنێوان دەغڵ و بارانا،

ڕیز ڕیز بۆ نوێژان هەڵدەستن.

نوێژێك بۆ هاتنەوەی نۆرە دڵی باران.

بۆ خوێندنەوەی ئایەتی گەڵایەکی تازەتر.

بۆ خەندە خستنەسەر لێوی ئەفسانەوە.

ئەم ڕوخسارە زەردەی پایز،

تا خوێنێکی سەوز بە دەمارەکانیا دەگەڕێ،

بە کزی دەمانخاتە باوەشی ئاوازە ئەفسووناوییەکانی،

بە ماتی ئاشتمان دەکاتەوە لەگەڵ خشپەی گەڵا و

بە بەلەمە ئەفسوونیەکەی ئێوارە تاریکەکانی،

دەمانخاتە بەندەری شەوە درێژەکان.

پایز، کەوانی چەلۆیەکە لانەواز.

جارجار بەسەر ژێیەکانی ڕۆحماندا، گوزەر دەکا و

دەبین بە یەك پارچە ئاواز.

پایز، ڕاوچی مەلە دڵشکاوەکانە.

پایز، خواوەندی ڕاکردووی نێو بتێکی شکاوە،

کە بە چەند ڕاهیبێکی ڕەشپۆش، لە تەنیایی ترازاوە.

پایز، گەڕانە بە دوای تارایەکی سپی،

تا شانە ڕووتەکانی پێ داپۆشێ.

پایز،ساڵی جارێك، ئەچێتە نێو چوارچێوەیەکی زەردەوە،

تا، بەیانێك، بۆ خەم و هەناسە ساردەکان بنووسێتەوە.

١٤-٢٥ ی ١-٢٠٠٦ - ٢٩-٢-٢٠٠٨ ڕەواندز

## ڕێگا

لە سەرێکی دەمانبات و لە سەرەکەی تری دەمانهێنێتەوە.

کەچی لامان دیار نییە، کام سەرەیە دەمانبات و

کام سەرەشە دەمانهێنێتەوە.

ڕێگا پڕە لە نهێنی و

لە مەبەستی هاتن و چوونیش ورد نابێتەوە.

گرنگ ئەوەیە دەمانگەیەنێ و

دەمانهێنێتەوە.

ئێمەی مرۆڤ، بۆ زۆر شت ڕێ هەڵئەبژێرین:

بەرەو دەرگاكانی زانست.

بۆ سەربەخۆیی نیشتمان.

بەرەو بەهەشت.

هەر ڕێگا بوو، ئایینەکانی پارچە پارچەی سەر مەزهەب کرد.

هەر ڕێگا بوو، سۆفیزمی پارچە پارچەی تەریقەت کرد.

ڕێگا، بۆ ژیانێکی ئازاد گەورەترین پانتاییە.

زیندانییەکیش ناتوانێ دوای ئازادبوونی،

ڕێگایەك هەڵنەبژێرێ.

کوێریش خوازیارن بە ڕێدا بڕۆن.

ئەسپێك دوای شەهیدبوونی سوارەکەی،

مێرووێك بەر لە شەهیدبوونی، بە کەوتنە بەر پێی ڕێبوارێ،

لە چاویلکە بێ جامەکانی ڕێگاوە،

بە پشتی کۆماوی خەفەت،

ڕێدەکەن و خۆ دەگەیەننەوە قەتارێ.

بە دەست لێکبەردانی، دەنکە باران و پەڵەی گەڕۆکی هەور،

دوای لێکجیابوونەوە، بەڵێن دەدەن ئاوێزان ببنەوە.

ئەمەی دەیلێم ڕێگەیەکی دیاریکراوە،

لە ڕۆمانی قەبارە گەورەی دەریاوە،

ئاماژەیەکی بۆ کراوە.

نە چیا دەتوانێ کۆتایی بە ڕێگا بێنێ.

نە ڕووبار دەتوانێ ڕێڕەوێك نەگرێ.

نە هەوریش سەری خۆی هەڵنەگرێ.

کام سەفەرە بە بێ بڕینی ڕێگا لە سەفەرکات؟

سەفەری دەریا و ئاسمان؟

سەفەری خاك؟

دەتۆش هاوڕێ ڕێگایەکم نیشان بدە،

سەری گێژم لە نهێنی ڕێگا دەرکات.

مەگەر لە حیکمەتی ڕێگا تۆش هەر ئەوەندە فێر نەبووی،

تەواوی ژیان،

بڕینی ڕێیەکی کورتە،
لە منداڵدان بۆ منداڵدان

؟٢٠٠٦/١٠/٤ ڕەواندز

## تەمەن

تازە تەمەن هەوراز چووە.

نازانین بە کوێی زەمەن تەفسیریکەین.

تازە هەرزەکارنین.

تازە بە درکاندنی درۆیەکیش بۆ یەکتر،وەك بی ناو ئاو دەلەرزین.

وەك گوڵە نیلۆفەر شین هەڵدەگەڕێین .

وەك ئارەقەی شەرمەزاری دەتکێین.

تازە سەردەمی درۆکردن، درۆی سپی،

درۆ بۆ ڕازییکردنی دڵی یەکتر بەسەرچوو.

تازە ئەو ڕۆژە بەسەرچوو،

جارێکی دی پێت بڵێم: ئەمرۆ لە دوێنی جوانتری.

یان پێت بڵێم: ئەم جلانەت چەند جوان لێدێت؟

تۆش بە نِازێکەوە بڵێیت: نا ئەوانەم تازە کڕیون،

بۆ ئەم ژووانەم لەبەر کردوون.

یان بۆ ڕازیکردنی دڵت، ستایشی ئەو مکیاجە تۆخەت بکەم،

کە جوانییە سروشتییەکەتی شاردۆتەوە.

ئەم درۆیانە چەند جوانن؟

ئەم درۆیانە، بەرائەتی شەرمن ... بەرائەتی دیلیمانن.

تۆ ئێستا وای لە بەردەمم.

ڕەنگبێ جوانی هێشتا دڵی نەهاتبێ فەرامۆشتکا.

بەڵام جوانی ئەوێ ڕۆژێ، کە بە دزی یەکتریمان دەبینی،

تێکەڵتربوو بە لەزەت، تێکەڵتربوو بە شیرینی .

ئێستا کوا دەتوانم دەستکێشی نێو خەونێکتکەم؟

کوا دەتوانم بە درۆیەکی ڕازیکەر، ڕوخساری خامۆشت گەشکەم؟

کوا دەتوانم بەسەر مەراق بازدەم، بەسەر ماندووبوون ڕاکەم؟

ئێستا دیلی دەست مەراقەکانم،

دیلی دەست ئەو ڕابردووەم، کە تێر یەکتریمان تیا نەبینی.

ئێستامان پڕە لە خۆزگە،

خۆزگەی ئەوەی، لەم ژوورەدا دوو هەرزەکار دەبووین.

لە جیاتی مێزێکی پلاستیك،

هەناسەمان نێوانی دەکردین!

ئێستا مەراق بە دوو سەری سپییەوە،

لە وێستگەی شەرم ڕایگرتووین.

بە چەند ددانێکی جێماو،

کە بەهای وشەکانیان دۆڕاندووە.

بە زمانێکی لەنگ، کە نیوەی لە شەوە مەستەکان،

لە گفتوگۆی بێزەنتی مێزە ساردەکانی زستان، ڕۆیشت و نەگەڕایەوە.

ئێستا لە دۆخێکی ترم، دەنگی پێیەکانییم پێ نانووسرێتەوە.

ئاخ بۆ ئەو ڕۆژانەی، کە ترپەکانی دڵی دەخوێندمەوە و،

لەو ترسە بە ئاگای دێنام، کە خەریکبوو دەیخواردمەوە.

یان پڕ بە گەروو هاوارم دەکرد،

خودایە هێزی سامۆراییەکم پێ ببەخشە،

تا بە پێوە بمرم.

هەر بە پێوە لە باوەشیدا،

هەر بە پێوە تا دەمم مۆمیا بێ لە مەمییدا.

هەر بە پێوە،

کە دیدەم ڕۆژی لێ هەڵدێ لەناو شەوی قژیدا.

من وام ڕۆحێ،

هەر جار بە بینینت تەڕ دەبمەوە،

وەك تەڕبوونەوەی لێو بە ماچ.

بە غەمزەی چاوەکانت دەزانم، ئێستاکە پێم ناڵێی (نا)

بەڵام، کە دڵم وەك فوارە هەڵچووبێ،

کە چاوەکانم کەوتبنە پشتی زوومێکی قۆقزی چاویلکەوە،

کە ژان هاوڕێیەکی هەمیشەیی جومگەکان و ،

کە قاچەکانم لارەلارەیان بێ لە دەست ڕۆیشتن،

کە ماندووبوون وەك سێبەرێکی ڕەزاگران لەدوام بخشێ.

ئەم (ئا) یە لە (تا) یەك زیاتر چیم پێ دەبەخشێ؟!

٢٠١١/٢/٢ ڕەواندز

## تەنیایی

(یار) لەسەر کورسی باران، بەرانبەر باغێکی بێ گوڵ دانیشتووە و

چاوەکانی پڕبووە لە گەڵای وەریو،

ئەو گەڵایانەی لە ڕۆژانی تەمەن دەچن،

سێ ڕەنگیان لەخۆدا کۆکردۆتەوە.

(یار) دێ و ئەدرێسم لە پایز دەخوازێ .

(یار) دێ و لەدوورەوە،

بسکە زراڤەکانی وەك گزنگ، دەدرەوشێنەوە.

(یار) دێ و لەدوورەوە بانگم دەکات.

چەتری خۆیم نیشاندەدات .

من و یار،

لەژێر چەترێك بە ڕێگاوەین،

بە ڕێگاوەین، بۆ دەروازەکانی باخچە.

بۆ هەڵکۆڵین لەسەر دار

بۆ یاداشتکردنی قەرزەکانی باران، کە بە سروشتی نەدایەوە.

لەژێر چەتر، چاوەڕوانی مژدەین.

کە بمانڕوێنێتەوە لە باخچەیەکی زەردی ئاوس بە ئومێد.

لەژێر یەك چەتر دابووین،

کە باران

لە گەڵمان پیاسەی دەکرد ... لە گەڵمان پێدەکەنی.

"با" یەکی ساردی دەدا لە وشەی زۆر گوتراوی،

خۆشمدەوێی!

دەترسا لە ڕەقهەڵاتنی ئەم وشەیە.

دەترساین لە توانەوەی چلورەکانی ئەم وشەیە.

دەترساین، باران بماندۆڕێنێتەوە لەسەر مێزی ئاو.

جارجار ئێمە، دەبووینە تەم، باران دەدوا .

چرپەچرپی چەتر ڕایدەچڵەکاندینەوە و

دەیسپاردینەوە بە ئاگایی.

لەو هەموو شووشە عەترە ڕژاوەی،

دەم هەڵکردنی باران، کە خۆڵ دەیرِشت،

کاس دەبووین کاس.

وەك دوو پەیکەری جێماو، کە باران

جگە لە باران، کەس بە دیارمانەوە نییە،

بمانناسێتەوە.

کەس بە دەرەوە نییە وێنەیەکمان لەگەڵ بگرێ،

ئاخر ئێمە،

دوو ماریۆنێتی بە تەم بووین،

باران، هاژەمان تیادەڕوێنێ.

باران، مۆسیقامان تیا سەوزدەکات.

کە تا ئەبەد من و یار بیژەنین.

کە تا ئەبەد،

کە تاتابێ لە ڕۆحمان تا ئەبەد.

جارێکی دی باران دایکرد، ئەی یار.

با بچینەوە سەر ڕێگا.

با خۆ بخزێنینەوە باخەڵی تاریکی.

با شوێنپێی تەنیایی هەڵگرین،

تا خۆرەتاو نەیسڕیوەتەوە.

ئاخر تەنیایی،

جوانترین ئەفسوونێکە، مرۆڤ پێی بگات.

پەنهاترین ڕازێکە مرۆڤ لەگەڵ خۆی،

دەیباتەوە ژێرگڵ.

نازانم کاممان تەنیاترین!

ئەوەندە نەبێ،

چەتر ڕاماندەچلەکێنێ.

بە وەرزێکمان ئاشنادەکات،

کە پەلکەزێڕینەی تیا دەزێ.

پەیمانێکمان بیردەخاتەوە.

لەودیو بە ئاگاهاتنەوەی ئەستێرەکان.

(یار) لێمدەپرسێ؛ هەستت چۆنە؟

بێ ئاگا لەوەی،

باران هەستەکانی لێ دزیوم.

فریوی داوم بە سیحری مۆسیقاکەی،

دووری خستوومەتەوە لە ڕۆحم.

وەك زاری تاوڵە،

هەڵیداومەتە ناو زگی تەختەیەکی پانوپۆڕی وشکانی!

چونکە من،

ئەو دەمە زیاتر باڵی تەنیاییم لێدەڕوێ،

کەباران دەژنەوم.

ئەو دەمە زیاتر هەست بە قاقربوونی ڕۆح دەکەم،

کە قۆڵم لە قۆڵی یاردایە و

حەسرەتی بازاڕکردنێکم بۆ هەڵدەڕژێ.

ئەی یار، قەت ئەوەندە سۆفیانە نە دواوم

کە باوەشی گەرمی باران، تەزووی سارد بە جەستەما دێنێ،

کە تیشکەکانی لە ڕۆحم بەردەداتەوە،

وەك نوورێك دامدەگیرسێنێ.

ئەو دەنگە ناوەکییە پێمدەڵێ:

ئێمە چین؟

ئێمە لە کەرەستەی بەکارهاتووی،

ناو تابلۆکانی بیکاسۆ دەچین.

هەندێکجار لە چوارگۆشەدا گیرمانخواردووە و

کەمجاریش ڕووت،

وەك ڕووتبوونەوەمان لەبەر باران.

ئاخر باران، دلۆڤانە لەگەڵمان.

دەدوێ لەگەڵمان .

دەست بە سەر و قژمان دادێنێ و

لە توڕەیی بەتاڵمان دەکاتەوە و

دیارییەکی تەڕمان بۆدێنێ.

بە قردێلەی پەلکەزێڕینەی پێچابێ.

یار،

لەسەر کورسی باران، نای دەژەنێ.

ناوبەناو پێمدەڵێ؛

لە وێنەکێشانی ڕۆحی باڵندەکان نەبوویتەوە؟

بێ ئاگا لەوەی من لەناو ڕۆحی بارانا، لە خۆر دەگەڕێم!

نیگەرانم، کە نیمە ئەو خۆرە!

منیش خۆرێکم دەوێ لە ڕەچەتەی گوڵەبەڕۆژە،

تا خۆمی پێ تاودەم.

بەیانییێکم دەوێ، لە شیلەی نازناز،

تا خەنینەوەم دادات.

من لەناو ڕۆحی بارانا،

بە دوای ئەو تەنیاییە دەگەڕێم کە لێم جوانە.

هەموو بەیانیان لەو جادە چۆڵ و سێبەرە دەوەستم،

بەڵکو ئەو جوانەی ناو قەسیدەکەی گۆران ،

ببینمەوە و

خەیاڵم ئاودامانکات لە درەوشانەوە.

دواجار لەتەنیشت یارەوە دادەنیشم .

چەپکێك گوڵی نایلۆن سەرنجم دەبەن.

پێکێك لە مەراقم پێنۆش دەکەن.

وشکم دەکەن ...

لەو جادە چۆڵەی گۆران باسی دەکات، باران دەبارێ.

کەچی (یار) بە پێکێك شەراب هەڵدەستێ،

حەزی لە سەمایەکی بەر بارانە.

کورسی ژێری فڕێدەدات،

دووباڵ دەداتەوە بە چەتر،

زنجیری عەزیەکەی دەکاتەوە.

مەمکەکانی دەداتە بەر دەنووکی باران.

بەم شەوە شێتم دەکات!

نخوونی ئەو شەوەم دەکات،

تا، بەیانیم بە بیر دانەیەت.

تا، خۆرم بیربچێتەوە!

ئاخر من ئیسماعیلی بەر چەقۆی خۆرم،

چۆن دەبێ لەو بەڵێنە ڕاکەم.

چۆن دەبێ پەیمانشکێنبم.

تەنها جارێك لە تیغی خۆر دەپاڕێمەوە،

کەزییە ئاڵتوونییەکانی (یار) بەرێ.

ئەو ئامادەیە بۆ قوربانییان.

ئەو ئامادەیە بیانخاتە قەبەڵم.

تازە، (ئەو) کچە پایزێکی مامناوەندییە.

ئەو هەموو قژە ئاڵتوونییەی بۆچییە؟

ئەو زۆری هەن لەم کەزییە!

من دێمەوە سەرخۆم،

چیدی لە چەپکە گوڵی نایلۆنی نارِوانم.

چیدی بە حەسرەتەوە،

مژ لە سیگاری مەراق نادەم.

وردەوردە دەخزێمە ئامێزی (یار)

پێ بە پێ فەنای دەکەم لە تەنیاییم.

١٨ و ١٩ / ٢٠١٢/١٠ هەولێر

## وەرە لە (باخ) پێت دەڵێم

باخ، ئەمڕۆ دەستی لە دەستی باران بەرداوە.

پەلکەکانی ئەوەندە گەشن،

ئاو لە چاو دێنن.

ڕۆح دەخرۆشێنن .

هەرچی ڕەنگ هەیە، لێرە باریونەتە سەر پەڕەی گوڵ.

وەرە ڕەنگی دڵی خۆتم پێبڵێ و مەڵێ ڕەش.

وەرە با ڕەنگی دڵی خۆت پێ بڵێم، ناڵێم ڕەش.

ئەمڕۆ، دەستم لە دەستی خەیاڵ دایە و

بە سەرێکی پڕ ئومێدەوە بەرەو باخ دەڕۆم،

دڵم زەمزەمەی دێ، کە بەرەو ئەوێ هەنگاو دەنێم.

دەمەوێ زوو بگەمەوە بە دەنگی بولبوولەکان،

کە لەژێر سێبەری گەڵاکاندا خۆ حەشاردەدەن، تا ڕەنگەکەیان کاڵ نەبێتەوە.

تادەنگیان هیچ شوختێکی بەرنەکەوێ!

من هیچم نییە بیچنمەوە لە دەنگی ئەوان زیاتر.

تینی خۆر، سێبەرم دەکاتە هاڵاو،

کە عەسران وەك هێڵێکی درێژ و ڕەزاگران، ڕێنوێنیم دەکات بۆ گەڕانەوە.

سینەم پڕەبێ لە ئاواز.

بۆ ناو ژوورەکەمیان دێنمەوە،

وشە دۆزراوەکانی نێو ورشەیەکی نەرمیی سروە و

بەیەکدادانێکی هێواشی دەنکە گێڵاسەکان.

بەسەر کاغەزە سپییەکانیان هەڵدەڕێژم، خوێنی هەناره دڵگەرمەکان و ڕەنگە نەدیوەکانی شادی، کە لە قوڕگە خەمگینەکەی کەنارییەکان دادەبارن.

وەرە با سەماکەین، تا چیتر ئەو مۆسیقایە بە فیڕۆ نەڕوات،

که له دەماری باخ وەك فوارەی خوێن هەڵچووە.

وەرە، با وەك نیشتنەوەی پەڕی بە با چووی چۆلەکەیەك، لەسەر قەراغی کارێزێك،

ئەو مۆسیقایە بنیشێتە سەر ڕۆحمان. زەویمان لە بیر بباتەوە.

کە دزێوی پڕیکردووە لە هێلانە.

وەرە ئەو پەپوولانە هەڵمەفڕێنە، کە لە سرووتی نزادان.

نزا بۆ پڕ ڕەنگبوونی گوڵ.

وەرە ئەو ئاوە نۆشکە،

کە لەسەر پەڕی پونگە دەمارەجۆیان بەستووە.

وەرە ئازیز، ئەم باخە چەند جوانە، کە دەستی ژەنەڕاڵەکانی بەسەرەوە نییە.

وەرە لەوێ پێت دەڵێم، تۆ هەرزوو دوو باڵی فریشتەییت هەبوو،

ڕۆحت لە ڕۆحی باخەوان دەچوو.

وەرە لە(باخ) پێت دەڵێم.

ئای! چەند داغە ناوشار.

ئای! چەند خەمبارە گەڕەك، کیژەکان هێشتا ناوێرن سەر دەرکەن.

هێشتا کۆڵان پڕ نەبووە لە سێبەریان.

شورەکان نایەڵن دەنگیان دەرچێ.

بە ئاواز و قیژەی تێکەڵ، لەودیو دیوارەکان جمەیان دێ.

وەرە با ئەم جەنگەڵە بەتاڵکەین.

وەرە با ئەم تەختی شەترەنجەیان بۆ جێبێڵین.

وەرە تۆ نابینی؟

شەپۆلی باخ بەسەر باڵی ئاوازەوە،

تاسەر کەناری (شار) درێژبووەتەوە.

وەرە لەو باخە پڕ نوورە،

تیشکەکانم بە پێی ئارەزووی دڵی تۆ چەپك کردوون.

من ئەوەندە وەسفم کردووی،

درەختەکان هەر لە دوورەوە دەتناسن.

هەر لە دوورەوە مەست دەبن، ڕادەهەژێن.

ئەوەندە گێژدەبن، بۆنی خۆیان ناناسنەوە.

بە هێڵنجەوە دەست لە بەژنی خۆیان دەدەن.

ئێ ئەوان، خۆیان بیرناکەوێتەوە،

حەزەکەن بفڕن، دەکەون بەسەر دارشەقی جۆگەلەدا.

حەزەکەن بمرن، پۆلێك باڵندە دەستیان دەگرن و ڕاستییاندەکەنەوە.

ئەگەر تۆ بێیت ...

گۆرانییەکان بە شەونمەوە دێنە ئێرە.

کۆترەکان گمەگمی ژەنگاوییان، بیرەچێتەوە.

کەنارییەکان، چیدی لە دەست وێنەکێشەکان ڕاناکەن.

دایکم، چیدی ڕێشمەی خەم ڕاناکێشێ!

کۆڵان دەکەوێتە سەما و

کیژەکان، لە بەرگی تاریکی دێنە دەرێ.

منیش، چیدی بە شەرمەوە گۆرانی ناڵێم.

وەرە لە باخ پێت دەڵێم.

## ئاوێنەی باخ

زەنگی نیگات، چیدی مەخەرە سەر تەلەکانی بێدەنگیم.

با چرکەکانی زەمەن، خێرا خێرا نەڕژێنە ناو تاڤگەی دڵ و

قامەتی نوێژم نەڕەوێتەوە لە تەنیایی.

ئەم تەنیاییەم لا خۆشترە،

لەوێ دەگەمەوە ئاوەدانی.

لەوێ تینوێتییم بە ئارەقەی سەر پەڕەی گوڵێك دەشكێنم،

نازانم، ئەمە فرمێسكی ئەو حەژمەتانەیە،

كە لە سەردان نەكردنی مەلێكی دەنگخۆش، سەریان كردووە.

یان، چرپوونەوەی ئارەقەی شەهوەتی،

خەیاڵێکی زرە و

ئەوەندەی ژیان پێویستیەتی،

ئەوەندەی چاو پێویستی بە نووسینەوەیانە،

ڕەنگیان دیلکردووە لە خۆدا.

- خۆ ژیان لەو دڵۆپە هەناسە دەدا.

- چ پێویست دەکات، سەرژمێری مردن بکەین؟

دەمەوێ لەوێ،

وەك سێبەری ئاسوودەی گۆزەیەك.

ڕۆحم تەڕ بکەم لە بۆنی پەلکە ڕەشەکانی ڕەیحانە و

پەڕە گەشەکانی نازناز.

دەمەوێ لەوێ،

بێ لەبەرچاوگرتنی تەیمانە دڕکاوییەکان،

ڕووتتر لە ئاو،

ڕوون ئەوەندەی بەرگی خوناو،

بێگەردتر لە شەو، کە ڕەنگەکانی دەسپێرێ،

بە ڕەنگەکانی بەیانییەکی تازەتر.

دەمەوێ لەوێ شێ لە خۆم لوولدەم و

نزاش بۆ پرشنگێك بكەم.

ئیدی گەڕانەوەم گرنگ نییە!

دەمەوێ، هەر لەوێ، ئاهەنگی لە بوخچە دەرهاتنی خونچەیەك نازناز ببینم.

دەمەوێ، هەر لەوێ لە ڕازی مێرووله و ڕێگا تێبگەم.

ئیدی دەمەوێ، گۆڕێك لەو گەڵا بێ گوناهانە چێكەم،

تا لاشەی گوناهبارم وەخۆ بگرێ.

نامەوێ چیتر لە سەربردەی قوربانییەكان شتێك بژنەوم.

نامەوێ زرینگەی كاسەی خوێنی براكان ببینم.

ئیدی ناگەڕێمەوە، چون مەلێكی ئارەزوودار لە كۆچ نابمەوە.

لەوێ، لە ڕۆخ پەڵەهەورێكی مسی،

بۆ باخێك دەگەڕێم،

كە كرمێك لە خەوی بەیانی نەكرابێ،

كە دەستێك بۆ هێلانەیەك درێژ نەكرابێ،

كە زەوقێك كاری لە شێواندنی ڕەنگەكان نەكردبێ،

كە ڕەیحانە لە گوڵدانێكی دیل نەخەوێنرابێ.

وەك مەلێك، كە بە دوای باران

دەمار دەمار بۆنی خۆڵ، تەسلیم بە چڵێکیان دەکاتەوە،

منیش بۆ هەلێك دەگەڕێم،

لە ڕۆژە نا پیرۆزەکانی هەفتەدا،

پیرۆزبایی لە تەقینی دەمی خونچەیەك بکەم .

بە ڕۆخ قەدی گوڵەباخێك هەڵچم.

لە ڕووباری بۆنیا خۆم بشۆم.

دەمەوێ لە جەژنی بالقبوونی دارسێوێك، لەوێبم.

دەمەوێ لە چرتەچرتی سمۆرە تێبگەم،

عاشقانە بۆ جوانییەکەی ڕامێنم.

دەمەوێ ئەوەندەی وەفای دۆلفینێك،

بێ وانەدادانی پێغەمبەرێك، وەفا فێربم.

دەمەوێ قوڵتر لە خوڕەخوڕی جۆگەلە وردبمەوە.

لەوێ فەرامۆشیم بە کوللەیەك دێ،

کە تۆڵەی دەرکردنی من لە بەهەشت،

لە گوڵەگەنم دەکاتەوە.

لەوێ باخچەیەك لە گوڵی ڕەش و نەعنای شین.

لەوێ لوتکەیەك بۆ چێژبینین،

لە ژێر پەلەهەورێکا دەمێنێتەوە و ناڕوات.

لەوێ پەلکەزێڕینەیەك لە ڕەنگە نەدۆزراوەکان، دەمخاتە سەر پشتی.

لەوێ باران ئەفسووناوی دەبارێ و

چەتر بۆ من و یار چێدەکا،

ناهێڵێ تەڕتربین، تا ڕاموسانەکانمان شەرمەزار نەبن.

تا لێوەکانمان هەڵنەخلیسکێن.

ئەوێ فەرهەنگێکی خاڵییە لە خەرابات.

لەوێ گەمەیەك (نە) بردنەوە دەناسێ و (نە) دۆڕان.

لەوێ ڕەوە ئەسپێك لە ئارامی،

بەسەر پردی خەیاڵم دەپەڕنەوە.

چەند جوانە حیلەی پڕ لە ترسیان؟!

چەند سامناکە، ڕەوینەوەیان لە شەپۆلەکانی ئاگایی؟

لەوێ، وەرزێك نابینییەوە، چیدی سیحر لە ڕەنگ بکات،

هەموو وەرزێك پڕەبێ لە تۆ.

٢٠٠٩/١٠/١٥ ڕەواندز - ٢٠١١/٨/٢٨ هەولێر – ٢٠٢١/٦/١٥ هەولێر

## پەڕینەوە لە پردی خەیاڵ

دواجار من لە ئاوێنەی وەرزێك نوقمبووم،

ئەم وەرزە " تۆ " یت، کە ڕامانی سەوز کردووم.

لەسەر پردێك، خەیاڵاوی جێهێشتووم، بە دیار ئاوێتەبوونی ڕۆح.

بە دیار ڕاڕاییم، بۆ چوونە بەر هەیوانی پەپوولە.

وشك و شەکەت گاز لە چاوەڕوانی دەگرم.

دەمەوێ لەوێ،

لەنێو مێرگی نێرگزەجاڕ، شینی خۆم بەسەر پەڕە گەشەکانی بڕێژم!

تا ئەوپەڕی تەهاڕەت،

تا ئەوپەڕی بەرائەت،

تا دەبمەوە بە (طفل) ێکی مەعصوم.

ئەمە دوایین سرووتی تۆبەی نەسوحە.

ئەمە سەرەتاترین دڵۆپی ڕژاوە.

دەمەوێ هەر لەوێ ،

بچمە سەر پەڕەی گوڵێك و

لە چاوەڕوانی تیرێژێکی ڕاکشاو خۆم هەڵخەم،

تا لەگەڵ پەلکەزێڕینەیەکا بە کێوانم دا دەدا.

ئیدی دەزانم، چیدی وەسوەسەی گوناهێك تەمەنم کرمێ ناکا،

دەزانم ئیدی، پەپوولە دەبێتە حاکم و

هەنگ دەبێتە شا.

نامەوێ بگەڕێمەوە ... ئەوێ کۆمناکاتەوە.

لەوێ ئاراستە دژەکان

هەڵ

م

دەوەشێن

نەوە.

لێم ببورە ئەگەر لێرە،

کانییێکی سازگار نەماوە، دوو قسەی بدەم بە گوێدا.

یان بچمە سەر باڵەکانی و

بمگەیەنێ،

بەو جێگایەی، کە " تۆ " ی تێدا.

داوایەکم هەیە " ڕۆحێ"

ئەگەر بە ئاگا هاتمەوە،

چیتر زەنگم بۆ مەنێرە، بێدەنگیم پێ خۆشترە لە لەرەکانت.

چیدی شەپۆل مەخەرە سەر کەنارەکانم،

مەندێتییم، پڕ قامەتترە لە هاژەکانت.

ئەگەر بە ئاگا هاتمەوە.

ڕێم پێمەدە، چیتر تیشك لە چاوانت بچنمەوە،

ڕێم پێمەدە، شپرزەییم بێتە باخەڵی ئومێدت،

بتکا ڕەنجەڕۆ.

ڕێت پێنادەم، بێیتە نێو خەڵوەتمەوە،

ئەم خەڵوەتەم بۆ دۆزینەوەی " تۆ " یە " تۆ."

٢٠٠٩/١٠/١٥ ڕەواندز - ٢٠١١/٨/٢٨ هەولێر - ٢٠٢١/٦/١٥ هەولێر

## گوڵ هەموومان داڵدەدەدات

گوڵ هەموومان لە ماڵی خۆی داڵدەدەدات.

چەند ئاوەدانە ئەو ماڵە،

چەند ئارامشە ئەو ماڵە.

لەماڵی گوڵ ... بەیانیان،

دەستەدەستە عاشقان بە بەرچێری ڕەنگاوڕەنگ، دێنەدەرێ.

بەخەندەوە، بۆ سەفەری ماچ دەچن.

بۆ تەوافی خۆشەویستی ملدەنێن.

ڕۆژووەکانیان بە بۆن دەشکێنن.

ڕوو لە قیبلەی ئەبرۆی یەکدی،

نوێژەکانیان لەسەر تاتەبەردی ئەوین دادەبەستن.

نزا، بۆ مانەوەی خونچە و

لە بەخشش نەکەوتنی گوڵ دەکەن.

ئێواران، دەستەدەستە عاشقان دەگەڕێنەوە ئەوماڵە،

کە بەیانی، بۆ سەر کاری یەکتر بینین،

بۆ سەر کاری توانەوە،

بۆ بەجێهێنانی فەریزەی خۆشەویستی، لێی دەرچووبوون.

چەند ڕووناکە شەوی عاشقان بە تریفەی گوڵ.

چەند پڕ چێژە ئەو ماڵە،

کە عاشقان دەستەدەستە لە بانیۆی پڕ لە بۆنیا، ڕووت ڕووت،

وەك ڕووتبوونەوەی دار لە گەڵا،

دەچنە خەڵوەتێکی بوودایی.

چەند ئارامە ئەو بەیانییەی، خوناو مژدەی مانەوەی گوڵمان پێدەڵێ؟

جۆگەلە دێت، هێدی هێدی بە ماچ دایدەگرێ و

تریفەی مانگی لەسەر لادەدا.

بولبول دێت و هەر شەش وانەکانی دەخوێنێ.

پەپوولە دێ و ڕەنگی باڵەکانی بۆ شەرحدەکات.

عاشق دێ و ترپەکانی دڵی لەسەر ڕیتمی کرانەوەی خونچەکان ڕێکەخاتەوە.

هەموو دێن، ئەو ماڵە ئاوەدان ئەکەنەوە.

هەموو دێن بەشە ئارامیی خۆیان دەبەنەوە .

٢٠١٣/ ٥/٣١ نەخۆشخانەی ڕەواندز

## گوڵستان

لە یادی تۆدا گوڵستانێك ئەبینم،

بۆیە ڕامانم، گوڵ ئەگرێ.

لەنێو ژوورە تەنیاکەتا ...

تا لە نامە درێژەکانت ئەبیتەوە،

ئەوەی لە ناخی منایە

شوێنپێی پێنووست هەڵئەگرێ.

لە کوێ خاڵێك بۆ کۆتاییەکەی دائەنێی،

ئەویش لەوێ لە چاوانت ڕائەمێنێ

چەپکە گوڵت لێ وەرئەگرێ.

٢/١٢/٢٠٠٦ ڕەواندز

## باران

پێیەکانی باران شل بوون

ئەوەندەی، لەسەر پشتییا، بێنێ و ببات،

(خەونەکانم)

بە یانی کە هەستام

بە ڕەنگێکی (تەڵخ، مات، پووت...)ەوە بەرەو باخ چووم

لەوێ کە بەیەکگەیشتین

هەر گەردێکم ڕەنگێکی دەدا، گەش گەش

وەک ئەوەی تازە

گەرد و تۆزی لەسەر مندا دامالیبێ،

(دەستی باران)

هەر دڵۆپێکی کە دادەبارێ

حەسرەتی دەریا و

ژانەکانی هەوری پێیە

بەر هەر کوێی زەوی بکەوێ، ئاوازێک دەردەکات

هێشتا هیچ ئامێرێک نەیتوانیوە تۆماریکات،

(دەنگی باران)

لە دڵۆپێکییدا، تەواوی ژیانم بەدی کرد.

تەواوی ڕەنگەکان، چاوەڕێی گەردێکی خۆر بوون

لە هەناویدا بەربنەوە.

گەردوون بەو هەموو فراوانییەوە، بوو بە گەردێک، لەسەر

(چاویلکەکانی باران)

دواجار هەور کەوتە پێش چاوی ئاسمان

تا زەوی لێ بشارێتەوە

بۆیە ئاسمان کەوتە گریان

ئێمەش گەڕاین ... زۆر گەڕاین

ناوێکمان بۆی نەدۆزییەوە جوانتربێ لە وشەی (باران)

پاییزی ٢٠٢٣

## له كازيووەوە تا پەناى ڕێژنەيەك باران

كانيلەيەك،

لە پەڕاوی یادەوەری ئەمانەی یاداشت کردبوو:

**- نامەی یەکەم:**

گەر گەرووی گەرما پڕ نەبا لە گەردەکانی سروەوە،

کێ لە ئاهی ساردی هەناسە تێدەگەیشت؟

کێ ئاگای لە تریقانەوەی پەلکەکانە،

بە نوکتە خۆشەکانی سروەوە؟

کێ ئاگای لەڕازە گەرمەکانی شۆڕەبییە،

کە بە گوێی ئاوی دەدا؟

**- نامەی دووەم:**

زاینگەی یەکەم پرسیار.

تەقینەوەی دەمی گوڵی یەکەم گومان.

ئاشکراکردنی تەمەنی ئاگر و تەوتەم.

یەکەم ئاوێتەبوونی ئەفسانە و چیرۆك.

تەمەنی چاوچنۆکیمان درێژترە بان تەمەنی ڕەنج؟

حەزمان بۆ گوڵە گەنم لەپێشترە یان بۆ سێو؟

منیش بە خێرایی لاسایی ئەم نامەیەم کردەوە و نووسیم:

**- وەڵامی یەکەم:**

چی تێئەچێ لە بەخشندەیی سایەی گەڵاکان بچین،

کە هەمیشە بێ بەرانبەر ڕۆحمان لە جوانی تێر دەکەن.

چ دەبێ گەر ملمان وەکو ژێی کەمان بێ،

خۆ هیچ نەبێ ئاوازێکی لێ دەردەچێ،

کە ڕەنگبێ شەپۆلەکانی ببنە دێراو،

گوڵێکی سیس بکەن پاراو.

**- نامەی سێیەم لە پەڕێکی تردا:**

چەند لەو درەختە شەهوانییە دەچم،

کە دەستەکانی پاساری لە سێوەکانی دەخشێن،

ختوکەی ڕۆحی دەدەن.

گەڵاکانی ئاونگێکی شیرین دەردەکەن،

سێوەکانیش بە گڕی ئەو دەستانە سوور هەڵدەگەڕێن،

کە باڵندەی ئاوازخوێنیش،

لە ئامێزی پڕ گریانی خۆیدا دەگرن.

ناچار ئەویش بۆ پێشوازی ئەم گریانە،

کراسی زەرد دەکاتە بەر سێوەکانی.

باش بزانە،

پاساری غیرە لە یەکتر ناکەن.

لەلای ئەوان، سنوورێك نییە بۆ سۆزی تاقانە.

بۆ (شایی) دەست لە سێو خشاندن، یەکتری بانگ دەکەن.

گەر درەختێ جێ بمێنێ و

دەستی هیچ باڵندەیەکی پێڕانەگا،

لە حەژمەتا، سێوەکانی کرمێ دەبن،

دانه دانه، به ڕق خۆیان له بەرزایی تێهەڵدەدەن .

**- وەڵامی دووەم:**

ئەو ڕۆژەی له چوارچێوە دراین،

زانیمان، خوناوێك نییه بۆ نیشتمانی گیا.

بۆ وڵاتی گوڵ.

بۆیە هەر لە تەواوبوونی خوناو دەچین،

کە ڕێڕەوی لەسەر پەڕەی گوڵێکی شۆخ،

لاسکێکی تەڕ جێدەهێڵێ.

لە نەو بەهاری تەمەنا، لەسەر ڕیتمی لاسکەگیا،

لە خەزانی تەمەنیشا، لە چارەنووسی خۆر ئەچین،

کە لە دەمی ئاوابوونا ئەوگار دەبین.

هەردەم لەسەر ڕیتمی هەور،

کە پڕ دەبێ دادەکا، کە پڕ دەبین دادەبارین.

ئەوەی ڕێڕەوی مەرگیشی پێ نیشانداین،

شەنگی باڵای گوڵەگەنم و فریوی سێو بوو!

بۆ لە بیربردنەوەی مەرگیش،

جار جار پێکەنین لە گوڵ دەخوازین.

**- وەڵامی سێیەم:**

نەمزانی چ خەونێك بوو هات و تێپەڕی،

خستمییە کونجی فەرامۆشکراوی تەمەن.

بەر لەو وادەیە، ویستم سنوورێك ببینم لە نێوانی،

زرینگەی لێوارەکانی دوو بەرداخ، کە بەر یەك دەکەون.

لەگەڵ ترینگەی دەنکە تەسبیحی پیرەمێردان،

کە هەردووکیان خۆڵ دەکەنە چاوی مەراق.

ئێستا سیزیفێکم لە دەست پیری و

بەفر توانج لە شەنگییم دەگرێ.

چاك دەزانم لە ناوەندی هەورازێکا چۆك دادەدەم.

هەر لەوێوەش دوا پێکی مەرگ هەڵدەدەم.

باش بزانە،

خۆم بۆ درکاندنی ڕازێك هەڵگرتووە،

با نەڵێن، عارفێکی تریش بێ درکاندنی نهێنی سەری خۆی هەڵگرتووە.

ئەوەی لە ناوەرۆکی نامەکان نەگوترابوو:

**١- باکگراوەندی خەیاڵ**

بەیانییێك، كە بالقبوون تازە پەڕوباڵی دەكرد.

لەسەر شرە چرپایەك هەتیو كەوتبووم.

درەختی بینناییم، بە گوڕ لەبەر بارانا خۆی دەشووشت.

دڵی تەزیوم وەك پارچە سەهۆڵێك، لەناو پێكێكا،

كز كز بەدەم سووتانەوە، چێژی ناسۆری هەڵدەمشت.

چاوەڕێ بووم.

مۆسیقا بەو هەموو ژانەی لە ناخیا، ئیقاعی دڵم ڕێكبخا.

هیچی ترم شك نە ئەبرد.

(كەسم نە ئەبینی لە كەنیسەی سۆزا

لە ڕاهیبەیەك زیاتر،

كە بەو هەموو خەفەتەوە مۆمەكانی دادەگیرساند)

كەسێ نەبوو لە مرازخوازێك زیاتر،

بە دڵێكی ناسۆرەوە، بەردی بە كێلان دەنووساند.

كەوەڕێ بووم ئەوەندەی بە شوێن خەندەیەك بێم و بچم.

بە داخێكی ئەنجن ئەنجن و پڕ لە تكاوە،

لە بەردەم ئاوێنەیەكی دوو لەتا،

لە خۆم پرسی؟

تۆ بڵێی، ئاگری عەشق چەند دڵی گڕ دابێ؟

تۆ بڵێی، هەناسەی گوڵی چەند گوڵدان،

لەم خەزانە ژاکابێ؟

## ٢- پێگەیینی خەیاڵ

پەلکێکی زەردی پایزی،

سەوزی ڕۆژێکی بەهاری بۆ گێڕامەوە،

کە ئاسمان ئەوەندەی کۆلارەیەکی شین،

هەنووانی ئەو پەنایە بوو،

کە پێلی ڕەنگە کاڵەکەی،

بە ڕۆحمان ڕۆدەچوو، ئەوینیان ڕەنگدەدا.

نازانم نە ئەوین لەم گۆشە تەریکەی ئاخنیبووین و دەیویست بەیانێکی بۆ بنووسین؟

نە دەمانویست ئەوین لە چاوی شار بدزین؟

خۆ گەر ئەم نوایە نەبا،

ئەلبوومەکەم پڕ لە یادگاری نەدەبوون.

دەستم ناگەیشت بە پەیڤێك، لەبارەی ئەوین بۆم بدوێ.

ئەم کەلێنە جوانەی سەر شار،

لە خواوەندی ئەوین بەولا،

کەسێك چاوی بەسەر سەرمانەوە نەبوو.

ناوبەناویش،

ڕێژنەیەك باران پەنای بۆ دەکردین.

تا چاوە بە ئاگاکان نەڕژێنە باخ.

تا گوێیە قوڵاخەکان چرپەی ڕازێکمان نەدزن و

بە دیواری ترادیسیۆنا هەڵیواسن.

ئەو تیشکانەی لە ڕۆحی سەرابی ئێمە ون دەبوون،

لە پێی چرکەکانی شادیمان دەچەقین و

چرکەکانی ڕاڕاییان وەدەر دەنا.

هەر ئەمجار بوو،

هەڵمی سپی هەناسەمان، تەڕپی ماچی سەر لێومانی سڕیەوە.

ئەو بە پەنجەی شایەتمانی ئاماژەی بۆ دوو کۆتر کرد،

کە هەڵکورمابوون لە نێو مقەبایەکدا.

لە چاوانی ئەو دوو کۆترە تێگەیشتم،

وەك دوو کۆتری تەرەبوو،

لە هێلانە دەرکراو، لێمان دەڕوانن.

لە ژێر چەتری ئەم سێگۆشە شینەدا،

دوو پەیکەری ئەویندار و

ڕاکردوو بووین لە دژی باو.

دژ بە خەنجەر.

دژی زەقەی هەزاران چاو.

ئەم ژووانە، کە نیازێك چێی کردبوو

گوڵزارێك بوو، دوور لە دەستی هەزاران هەزار باخەوان.

باخەوانی پیر، باخەوانی حەزکوژ،

باخەوانی دەبەنگ،

باخەوانی بکوژی بۆن لە نێو بەرژینی ماڵیاندا.

باخەوانی بەخیل بە بەخشینی ڕەنگ.

ئای لە نێو ئەو هەموو باخەوانە نەخۆشەدا،

چۆن توانیمان سەوڵ بۆ ئەم شوێنە لێدەین،

کە لە دەستە ڕاستی باخیان،

چاو وەك گڵۆپ، لەسەر بانیژە و

نێو قەپەنگ داگیرسابوون.

لەم ژوانگەیە دوو دڵ لێیان دەدا،

هی من ئاسایی، دەستەکانی پێیان دەوتم.

هی ئەو خێرا، گوێیەکانم دەیانژنەوت.

لەم ژوانگەیە چوار چاو ئەسرینیان دەوەراند.

ئێستاش مەیلم لە گریانی ئەو ڕۆژەیە،

کە بێ هۆ، هۆن هۆن دەگریاین!

ئێستاش خۆشیم هەر بەو چرکە ساتە بەندە،

کە هەر وەکو دوو کراسی تەڕ، بە تەنافی ئەوینەوە هەڵواسرابووین.

ئامێزێك لە نێوانماندابوو.

هەناسەیەك لە ڕەنگی هەور، لە پەیقەکانمان هەڵدەستا.

هەستی هەموو پەنجە لێکئاڵاوەکانمان، تەزووێك سڕیبوونییەوە.

یەکەمجاربوو هەستم دەکرد، فێری دەمامك پۆشین بووم،

کە نەمدەوێرا، ئەو بەیانەی بە ماچ واژۆمان کردبوو،

بە کوچە و باخەکانی ناو شاردا بڵاوکەمەوە!

هەر ئەو ڕۆژە ئەوە فێربووم،

دەبێ زۆر شت نهێنی بێ،

وەکو زۆر شت کە بە نهێنی ئەنجام دەدرێ.

گەر چەخماخەی بروسکەیەکی ناکاو نەبا.

لەوێ وەك دوو شووشە گوڵاو،

بەر بەرد دەدراین و دەشکێنراین.

ئێستا لە ترسی نەفرەت دەڵێم؛ چاکبوو نەشکاین.

کێ چاکەی بۆ دەخواستین؟

مەگەر شاعیرێکی خەمناك، لە دێڕێکی چامەیەکی ئیرۆتیکا.

باسی لە فرمێسکی ڕووت و

ڕژانی ئەو هەموو (بۆن) ەو

شەبەنگی ڕەنگی کردباین.

خۆ ئەو دەمە شیعری شاعیری خەمناکیش نەیدەتوانی،

ئەو هەموو چیرۆکە ڕەشانە.

ئەو هەموو نەفرەتە.

ئەو هەموو گلەییانە بشارێتەوە.

ئابڕووی کۆڵان، گەڕەك، شارمان بکڕێتەوە.

نازانم ئەمە گێڕانەوەی یادگاریێکم بوو،

یان دانیشتنی قومارێك، کە بە گیانمان تەواو دەبوو.

زۆربەی جاریش بە خۆم دەڵێم:

"خۆ گەر ئەو ڕۆژانەش نەبان

هۆکارێك نەدەمایەوە بۆ ڕەشنووسی پەڕەی ڕۆژەکانی ترم."

**٣- دو ایین نامە، کە کۆترێك هەڵیگرتبوو، هێشتا وەڵامی نەدراوەتەوە!**

ئەفسووس، کە ئێستا لە ماڵی هەورین،

حەزناکەین، هەرگیز دابکات.

نەبادا هەڵوەشێینەوە و دەمار دەمار بۆ قوڵایی خاکمان ببات.

بۆیە من تۆ دەخۆمەوە و تۆش ڕۆژانە من هەڵدەدەی،

کە ناشزانین کێمان زووتر دەخورێینەوە.

ئەوگار: سیسبوون، پەرێشان و پەشێو.

(کەسم نە ئەبینی لە کەنیسەی سۆز لە ڕاهیبەیەك زیاتر کە بەو هەموو خەفەتەوە مۆمەکانی دادەگیرساند)سوودم لە دێڕە شیعرێکی محەمەد عومەر عوسمان وەرگرت بۆ گونجان لەگەڵ پەرەگرافەکە.

کەوەڕێ : ئەوپەڕی هیلاکی و ماندووبوون

هەنووان: نوا

١٩٩٩ ڕانیە - ٢٠٠٦/٩/١٤ ڕەواندز - پایزی ٢٠٠٨ ڕەواندز

## ئێوارەباش خەرەند

بە ڕۆحی سپی مامۆستا زرار پێشکەشە.

(١)

چیدی ڕامانەکانت بەرناگرن،

بە دیار گوڵی خۆخ و

گوڵی یاس.

بە دیار هەرد و بە دیار یاڵ.

چیدی بەرباخچان پڕ ناکەیت لە بۆنی شانێڵ.

چیدی هەوراز نابیتەوە بۆ ناوڕەزان.

چیدی تۆڕێک تێهەڵنادەی لە خارەڕەش.

هەناسەت فێنک ناکەیتەوە،

بە پرووشەیەکی دەم بای ئاوی بێخاڵ.

چیدی لەسەر تەلەکانی بێدەنگی،

بەیانی باشێک لە هەندرێن ناکەی.

عەسرە چایەک نابەیتە جوندیان.

چیدی خەرەند ئێوارەباشت لێوەرناگرێتەوە.

چیدی کۆڵانە تەنگەکانی لای خانەقا،

سێبەرت لەسەر لادیوار تۆمار ناکەن.

سنۆبەرەکانی لای مەکتەب،

چیدی بۆن لە بەژنت نادەن .

چیدی پەنجەکانت لەسەر عود سەوز ناکەن.

چیدی ئاهەنگێک بە بێ تۆ،

سەری هەڵناگرێ بۆ بێرۆ.

چیدی خەم لەو منداڵە چەتوونە ناخۆی،

بە ساڵ فێری نۆتەی موزیک نەدەبوو.

چیدی فڵچە بەسەر پشتی وشە داناهێنی،

تا لەنجەولاری جوانتر دیارکەوێ.

چیدی ناچیتە ناو پەڕەی مێلاق، ڕەنگەکانی بچنیتەوە.

ناچیتە ناو گەرووی مێگر، ئاوازێک لە هاژەی بچنیتەوە.

بۆ نەخۆشکەوتنی نێرگز،

چیدی سەردانی بێشۆران ناکەی.

چیدی لە باسی مێژوودا،

پاشای گەورە و قەڵاتەکەی ... سمایل بەگ و قەڵەمەکەی،

شەهیدان و بێنازییان، نایینیە زمان.

کەچی تارماییت ئەبینم،

لەسەر کورسی شا دانیشتوویت.

وەک هەڵاڵە، بەسەر باڵای شاردا نیشتوویت.

ئەو دەمانە، لە نیشتنەوەی موزیک ئەچیت.

کاتێ ئەیوێ،

لەسەر پەڕەی ڕۆحدا بنوێ .

**(٢)**

لەم شەوانەی نێو چلەدا، هونەرمەندێکی موزیسیان خەونی پێتەوە بینی

بوو، ئاوا بۆی گێڕامەوە:

لەنێو باخدا،

نالەیەکی بەژن زراڤ، دەشنایەوە و لەبەرخۆ دەیگوت:

هەر سروەیەکی ئازاد.

هەر شنەبایەکی وێڵ و سەرگەردان.

هەر زریانێک لەو کێوانە هەڵکا.

تەنانەت، ڕەشەبا و

گەرد و خۆڵی بیابانی عەرعەریش بێ،

بگاتە سەر تەلی باڵام،

بچێتە ناو ڕۆحی شیعرم.

ناو کەللەی سەختی، کوردبوونم .

یان ئەیکەمە گۆرانییێکی کۆچەری، ئەیخەمە قورگی شوانێک.

یان ئەیکەمە ئاوازێک، پێی دەستەمۆ نەکرێ، هیچ زیندانێک.

٢٠٢١.١٢.٢٩ هەولێر

## هوما

(١)

لە جووڵەی پەنجەکانت تێگەیشتم،

ئەفسانەش دەتوانێ وەك جوانوو سمکۆڵان بکات.

لە جیاتی تۆز، هەتاو لە درزی پەنجەرە سێگۆشەییەکانی دەست،

چەپك چەپك

بۆ دەرسیم بەڕێ بکات و

بۆنی دەمی خونچە بکات.

تێگەیشتین.

بە دڵێکی هەلاهەلا،

لەبەر دەروازەی ئازادی، ئارامیت هەڵپەساردووە و

زیاد لە سروودێك دیاریت پێیە،

بۆ بەژنی زراڤی ئامەد و

بۆ گەرووی وشکی گەریلا.

**(٢)**

شاهۆیەکی ئۆرفا،

سەربردەی یەکەم فڕینی لە بەردەبازێکی هەندرێن تۆمارکردبوو.

لەو مەودا دوورە ئەوەی بیرکەوتبووەوە،

کێ ئاراستەی کرد.

کام ئەتلەسی ڕابەر ئێرەی نیشان دا.

تۆ بڵێی دەستیان گرتبێ: هەور و چیا و ئەستێرەو زێ؟

یان بە پەیك ناردبێتیان،

خەنجەرە جەوهەردارەکەی پاشای گەورە، بێنێتەوە ڕەواندزێ.

بیری کەوتەوە، فەراقەیەکی تازەبوو،

هەڵۆیەك هات، وانەی فڕینی نیشان دا.

زمانێکیشی پێبەخشی کۆدی ئاسمان بکاتەوە.

(٣)

کۆترێك بە هانکە هانك،

لە ئاسمانی ئەڵمانەوە لە باڵەکانی نووسینێك بەجێ دەما.

-نوورێکی لەناو سینگی ئاوێستا لە ڕەنگی خاچ،

ناچارم دەکەی بۆت بنووشتێمەوە.

خۆگەر مایکل ئەنجیلۆ وێنەی داودی لە زاکیرەم نەڕواندبا،

وێنەکەییم لەتۆ دەدیت.

وانەزانی هەر بە تەنها هەستی منە؟

لە گۆڕەپانێکی ڕۆما، پەیکەرێك لە سەکۆکەی هاتە خوارێ،

فەرمووی لە گوڵەکێویلە کرد.

مادام تۆ ئەوەندە ماندووی، وەرە پشوێك بدە جارێ.

پێش ئەوەی بێم،

چۆمێکی سەرکزی یۆنان، پێلەکانی ڕاسپاردبوو.

نامەیەکی پڕ پاکانە بدەمە دەستی قەندیل.

کەس ناتوانێ لە تۆ زیاتر،

دەخیلە بە ئاوفرۆشێکی وان هەڵپچڕێنێ،

تا گەرووی داغی گەریلا تەڕتەڕ بکا.

کەس نەیتوانی لە تۆ زیاتر،

جریوەم پێ ببارێنێ، بۆ هەناسەی وەرزەکانتان.

خۆ لەوێوە نەمدەزانی، وەرزێکیش هەیە بۆ برین.

خۆ لەوێوە نەمدەزانی، ئێوە کێوێکن ئاگرین.

لێرە، لە ناوی مانگەکان تێگەیشتم،

هەموو شتێك دابەش بووە، بۆ هەرشتێك ڕێورەسمێك.

بۆ هەر مەراقێکیش کەسێك.

ئێمە لەوێ نامۆبووین بەو ڕەنگانە.

نەماندەزانی ڕەشەبا،

دەستی ئەنقەرە ئەدرێ لە پشتی.

ئێمە لەوێ لە ناسکی سروە دەدواین، کە دەشکا.

تێر تێر لە نازناز ڕادەماین،

کە پرشنگی خۆری دەنا لە مشتی.

٢٠٠٧/٢/١ و ٢٠٠٨/٤/٤ ڕەواندز

## پاڵەوانەکان گەڕانەوە لە جەنگ

بەیانی بوو، وتاری گەرمی ژەنەڕاڵ

لە سپێکەرەکانی ئەو گۆڕەپانەدا، دەنگی دەهات.

غوبار بەسەر باڵای حەشامەت دەنیشتەوە.

دەنگی ژەنەڕاڵ جار جار دەخنکا و

جار جاریش بەسەر دەنگی هوتافەکان دەکەوتەوە.

پاڵەوانەکان، بەسەری شکاو و قاچی قرتاو و دەستی بڕاوەوە،

لە دەمی کازیوە دەرکەوتن،

تێشووەکانییان پڕبوو لە تاریکی،

مەتارەی بەر کەمەریشیان، سەدان چیرۆکی تینوێتی تێدابوو،

لە سیمای شەکەتیاندا، بەرائەت قوڵپی دەدا.

هەندێکیان چاویان بە باروووت لەدەستدابوو،

بە هەناسە سوارییەوە ڕێیان دەکرد،

هێلانەی ئەو یادەوەرییانەشیان وێران ببوو،

کە دەیبردنە بەر پەنجەرە ڕووناکەکانی ماڵەوە،

ناو خەونە پەمبەییەکانی منداڵی.

ئەو کوڕەی هاوڕێم، کە ناوی لە لیستی شەهیدان بوو،

لە ڕیزی دواوە بە دوو دارشەق ڕێی دەکرد.

بەو چاوانەیان، کە کزکز دەسووتان،

لە دەسماڵی دەزگیران و ژنەکانییان دەڕوانی.

ئەو کورەی هاوڕێم، کە عەشقی نیشتمانی نەگۆڕییەوە بە عەشقی یار،

چاو لە دەسماڵێک دەگێڕێ دەزگیرانەکەی بەرزیکاتەوە،

هەموویان، تاک تاک بۆ باوەشی دەزگیرانەکانییان دەڕۆن.

ئەو بە خۆی و نیشانەکانی ئازایەتی،

بە خۆی و زامەکانی تەنیا دەمێنیتەوە،

بەرلەوەی ڕۆژ ئاوا بێ،

هێدی هێدی قۆپچەی پانتۆڵە خاکییەکەی دەکاتەوە و

میزێک بەو ڕابردووەیدا دەکات.

## ئاوازی ڕیش

به ڕیشی پان و پرچی پڕ له ئه‌سپێ
بناغه‌ی ئیشی کوردان چۆن ده‌چه‌سپێ
مه‌لای گه‌وره‌ی کۆیێ

له کونجێکی تاریکه‌وه‌،
به کڵافه‌کانی خه‌یاڵی،
خه‌ریکی ته‌ونێکه‌، له ڕه‌نگێك زیاتر نه‌به‌خشێ.
(ئه‌و) حه‌ز ئه‌کات ڕه‌نگی ئاسمان بکاته به‌ری،
نه ڕه‌نگێك بێ، زه‌مین ده‌ستی به‌رکه‌وتبێ.
ناوه ناوه‌ش له ئاوێنه‌یه‌کی به‌رباخه‌ڵ،

سیمای خۆی تیا دەشواتەوە.

تەنیا گومان لە دوو چاوەکانی دەکات،

چونکە ئەوان،

شیلەی حەزە پەمبەییەکان،

دەخەنە سەر مینای سۆما و

لە دڵۆپێك دەریدەدەن.

چونکە ئەوان،

هەڵمە گەرمەکانی سەردەمی جەهل دەبریسکێننەوە،

ئامادەنین دەست لە کۆڵانەکانی ڕابردوو بەردەن.

(ئەو) تۆپەڵێك قوڕیشی بە دەستەوە گرتووە،

بۆ گرتنی کونەکانی شمشاڵ.

(ئەو) کوشتەی دەست ئەو خەیاڵە پوچانەیە،

کە گەنجێتی ژوورەکەی لێ پڕکردووە،

بۆیە زۆر شت دەگێڕنەوە.

شلێرێکی ڕێبوار بینرا، بە تاجێك ڕەنگی سوورەوە.

لە ڕۆخ ئەو ماڵە تاریکە، بەر بەرد درا.

ئەوەتا ئێستاش خوێن ئەتکێنێ،

بەدەم چرپنی هۆرەیەك، هۆن هۆن فرمێسك ئەبارێنێ.

گۆرانییێکی شادیبەخشیش لەبەر پێی دەرگاکەیەوە،

فەلاقەکرا.

جارجاریش چڵە نێرگزێك، بە دزییەوە لە ڕۆخی پەنجەرەیەکا،

بە چاوە زەردەکانی لێی دەڕوانێ.

(ئەو)یش پێی قەباحەتە، نێرگز ئاوا خۆی ڕووت کردۆتەوە و

کەزیە سپییەکانی خستۆتە بەر باران.

دەنکە ترێیەکی ئەسمەریش، کە پەیکی ئاوازە جاویدانییەکانە،

خرپۆتەوە تا بیبینێ،

چامەیەکی مام هێمنی بداتە دەست،

کە بۆنی خاکی لێوەدێ و

تەڕە وەك بارینی خۆی لە وشەدا.

لە سیحری ئەو ڕستانەدا،

کە مەگەر خاچ لە گەروویان بکاتەوە،

دەنا پۆلێك پەڕەسێلکەن، لە بازنە بەستن ناکەون.

ڕوونن وەك پەلکەزێڕینە.

ساکارن وەك وتوێژی دوو خۆشەویست.

ئەم دەیەوێ بۆی باسی ئەو ساتە بکات:

کە (عەبدولخالق)[1] دەیەویست،

بەشێنەیی پەچە و عەبای ڕەش فڕێدا و

بە سەرکۆتی پیاسەیەکی (باتە)[2] بکات.

(ئەو) لە تاوان تاڵە درێژەکانی ڕیشی دەردەهێنێ،

بە پەیامێکی سوورەوە دێتە دەرێ:

- هیچی تر بازنە مەبەستن،

ڕەزەوانێك لە نێو ئێوەدایە، دەستی سوورە لە گوناهی شەڕاب!

- چیتر لەسەر مێزێك دامەنیشن،

کە پەرداخەکانی دەمێك نییە،

لە دەستی مەیخۆرێك، ڕزگاریان بووە.

بەو باخە گشتییانەش دا مەڕۆن، کە بۆنی ڕازیانە کاستان دەکات.

لەو تەلار و جامخانانەش ڕامەمێنن:

کە ڕیکلامی، مایە و مکیاج و ستیانە و

قوتوی بیرە،

یان وێنەی بوك و زاوایەکی نیمچە ڕووتی هەڵواسیوە.

ئێوە ئەی فەرزندەکانی دوای لە دایکبوونی ئاین،

لەو ڕاڕەوەی پیایدا دەڕۆن،

زۆر وریابن،

چاکتر وایە ڕیشدارین و

نەکەونە داوی عەیارێ لە دەستدەن هۆش.

با خانمانیش،

بۆئەوەی نەکەونە بەر دیدەی کەسی سەرخۆش،

کوڵمە سوور و گەشەکانیان، بشارنەوە،

لەژێر پەچەیەکی عەیب پۆش.

٢٧ -٩ -٢٠٠٦ ڕەواندز - ١٨-٢ -٢٠٠٨ ڕەواندز

---

[١] عەبدولخالق مەعروفی نووسەر و ڕووناکبیر، کە لەسەر دەرکردنی کتێبی ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەوارییدا، بەدەستی تاریکپەرستان تیرۆرکرا.

[٢] باتە، ناوی شەقامێکی ناسراوە لەناو بازاڕی هەولێر.

## ژووری ئینعاش

وەك خوناوێکی لە گەڵا تۆراو،

کە هیچ بسکێکی تر وەخۆی نەگرێ،

لەم نێوانەدا،

بیر لە فەنابوونی خۆم دەکەمەوە.

بیر لە هەتاو دەکەمەوە، کە دەیویست،

وەك دەنکێك مرواری دابگیرسێم.

هەموو ڕەنگەکان لە منەوە بەربنەوە کۆشی نیگا.

بیر لە ئەستێرە کوژاوەکان دەکەمەوە.

بیر لەو دەنووکانە دەکەمەوە،

که ڕقی تینووی خۆیان به من هەڵدەڕشت.

بیر لەو شەوانە دەکەمەوە،

کە دەیکردمە چڵێك مژدانە و دەیدام لە یەخەی بەیانییێکی تەڕ.

بیر لە بێ دەنگی ئەو هەموو خوناوە ڕژاوە دەکەمەوە،

کە بەسەر ڕاوەشاندنی چڵە گیایەك فەنابوون.

بیر لەوهەموو باوێشکە دەکەمەوە،

کە ڕووبار بەسەر سەری مندا وەك تەمێك بەڕێی دەکردن،

تا پەنا بۆ کیژۆڵەیەکی زەمبیلە بە دەست بکات،

تا کۆشێك ماچ بچنێتەوە.

ئای لەو هەموو عەزابی دیتنە،

ئای لەو هەموو کۆکە کۆکەیەی بە گوێی کەس ناگەیشت،

ئای لەو هەموو ئاوازە بریندارانە،

کە بە دارشەق ناگەیشتنەوە سەر چوارپاکە.

لەوێ، لەو چرکەیەی بەر لە ڕژان، چیم نەدیت؟

سایەم بینی یەکجار پژمی،

وتیان : ئەمە نیشانەیە، بۆ ڕەشنووس نەکردنەوەی هەتاو.

لەولاتریش،

هەتاو دەیویست، لە کڵاوڕۆژنەیەک بێتە ژووریٚ،

نەوازش لەگەڵ قژم بکات.

ویستم پێی بڵێم هێشتا زووە بۆ سەفەر.

ویستم پێی بڵێم: ئەگەر لە سەرنجەکانم تێبگەی،

هێشتا ترپەی ترم پێماون،

چش لەو ترپانەی خەمێك لەگەڵ خۆی دەیانبات.

ئای ئەم چرکەیە چەند زەمەنی لەخۆگرتن.

ئەم چرکەیە چەند ئاخاوتنی ڕەنگاوڕەنگی تیاخەملی.

چەند ژنی تیا ڕەشەکوژ کرا.

چەند کۆرپە بێ باوك مان.

چەند زمانی بە یەك ئاشناکردن.

چەند دڵڕەقی تیا نوێنرا.

هەر لەو چرکەیەدا بوو،

پیری وەك تیرێك لە کەوانی منداڵی دەرچوو.

تۆپێك بۆ بەربانگ تەقێنرا.

ژووری تەواری پڕبوون لە جۆگەلە خوێن.

پاڵێوراوێکی پیر لەولا،

به دەست، بە پێ، بە چاو، بە زار ...

وتاری دەخوێند.

لەو چرکەیە چی ڕوویندەدا!

من هەر بە دیار ڕژانی خۆمەوە دانیشتووم!

دەمویست گەردن ئازایی لەو پەڕە گوڵە بکەم، بەر لەوەی هەتاو بیسمێ.

دەمویست ئەو شیعرە تەواوکەم،

کە لە ئینعاش لەنێو هەستێکی ماندوو ماوەتەوە!

لەو دەمەدا ئاگام لێبوو.

منداڵیم بە بەردەممدا تێدەپەڕی، بێباك لە چاوە پڕ خۆزگەکانی دەڕوانی!

لاویم پڕبوو لە تورەیی دەیویست بڕژێ.

من هەر بەیازەکانم پڕدەکردەوە،

دەمویست شپرزەیی وەلانێم تا دوایین ڕستەم ناتەواو دەرنەچێ.

٢٠٠٩/٥/٥ ڕەواندز

## هاواری لەتەگۆزەکان

گۆزەیەکی بە زەخرەفە نەخشێنراوبووم.

بە سەر پشتی ڕەشپۆشێکا، دەچوومە سەر کانی و

لە ڕێگا ورد دەبوومەوە و

بە باڵای چیام دەڕوانی.

جارجار بە دوو دەستی نیانی، ڕەیحانەی چەپك دەکرد و

لە سینگم دەخشان، قەدە باریکەکانی.

ئەوسا، گۆزەیەکی دەم بە خەندە بووم،

قاچێکم لەنێو ئاپۆرای پەیقی سادە و

قاچەکەی تریشم،

لە یاری خەتخەتانەی سیاسەت جێما.

دەست و گوێیەکم لە باخ و

ئەوانی ترم بەخشیبوون بە هونەرمەندێکی شێوەکار،

تا نەخشی دیوار و قەڵا کۆنەکان، لەسەریان بکێشێتەوە.

چاوێکم وەك هێلانەی زەرنەقوتە، ڕوو لە ئاسمان.

چاوەکەی ترم، چاوەڕێی پەڕینەوە لە بازگەیەك بوو.

لەتێکی دڵم، لای بڵاوکراوەکانی شاخ و

لەتەکەی تری، ڕوو لە هەتاو، دەست بە نزا بوو.

تا بۆنی هێشووە قەزوانێك نەیهاڕیبووم.

چەند گۆزەیەکی خڕپلە و

دەم بە گۆرانی و سەماکەر بووم.

ئێستا چەند پارچەیەکم،

هەر پارچەیەکم بە دیار تەمەنی خۆی دانیشتووە.

هەیە قژی ئەو گلەییانە دەهۆنێتەوە،

کە بۆنی ئەو هێشووە قەزوانە سپی کردوون.

هەشە لەبەردەم لەتە ئاوێنەیەك، یادگارییەکانی دەگێڕێتەوە.

هەیە تەنها لە ڕەنگی پەپوولەکان دەدوێ،

هەیە تەنها، وێنەیەکی ڕەشپۆشی دایکی کردۆتە ملوانکە و

یاری لەگەڵدا دەکات.

هەیە ناوی برادەرە جوانەمەرگەکانی ڕیز دەکات.

هەیە ناوی کیژە تازە مەمك هاتووەکانی گەڕەك دەڵێتەوە.

هەیە نەرمتر لە خالقی دەچریکێنێ.

هەیە شانازی بەو وێنەیەی باوکی دەکات،

 کە پارچەیەکی لێ ماوەتەوە.

هەیە لە دووری جۆلانەکان قووڵ ڕاماوە،

هەیە لە دەسکەکانی عەرەبانە زیاتر، دەستێکی تریان نەگوشیوە!

هەیە دەستێك بۆ کتێبێکی قاچاخ دەبات.

هەیە خۆی ئامادە دەکات بۆ گێمێکی تری یاری،

هەیە فانۆسی بۆ نەنکە مامانەکەی ڕاگرتووە،

هەیە لە دەرزی و دەزووی دایکی ڕادەمێنێ،

کە پینەی شەرواڵێکی بۆ دەکەن.

هەیە نیوەی نامەیەکی نووسیوە و لێی پەشیمانە.

هەیە سوجدەی بردووە و خەیاڵی لایەکی ترە.

هەیە بریسکانەوەی یەکەم فلاشی پێوەیە، کە بەر دەموچاوی کەوتووە.

هەیە کەوانی خستۆتە سەر کەمانچە و

نازانێ بیژەنێ.

هەیە لەگەڵ هاوپۆلە تەمبەڵەکانی دەریانهێناوە بۆ دارکاری و

خەونیش بە مامۆستایی دەبینێ.

هەیە بەسەر قەبراندا دەڕوا و شیعری سەر کێلان ئەزبەر دەکات.

هەیە هاواری فریاکەوتن دەکات، کە نەزانانە خۆی خستۆتە ڕووبارەوە.

هەیە لەگەڵ هاوڕێکانی لە پیاسەیەکی سەر خەرەند دەگەڕێتەوە.

هەیە و هەیە و هەیە

زۆرن ئەو لەتە گۆزانە،

لەهەر هەموویان نایابتر، لەتی شادی بوو،

ئەو میوانە شەرمنەی،

کە ڕۆژێك چڵە نێرگزێك لەگەڵ خۆی هێنابووی،

ئەویش ئەو ڕۆژەی جێیهێشتم.

لە دوای خۆی نامەیەکی بە دەنکە فرمێسکەکانی نووسیبوو:

"مەمنوونم بۆ دڵە گەورەکەت،

دەبێ بڕۆم،

وا لەو لاوە شووشە گوڵاوێ بانگم دەکات،

کەی توانیت خۆ کۆکەیتەوە، دڵنیابە دێمەوە لات!

٢٠٠٨/١/٢٣ ڕەواندز

## بەر لە تۆ من لەوێم

بەر لە تۆ من لەوێم.

وەرە لە شارە خەیاڵییەکانی ئاسمان بمدۆزەوە.

لەو کوچە بۆم بگەڕێ، کە پەپوولە هەیوانی کردووە.

لەو ژوورە لاچەپەم،

کە ڕووبارێك شەڕابی سوور، بە تەنیشتیا تێدەپەڕێ.

وەك کاسپێر بە دیوارەکانییدا وەرە ژووری.

دوو پێکم ئامادەکردوون، هێشتا دەستم بۆ یەکێکیان نەبردووە.

دوو کورسیم بە شیلان ڕازاندوونەتەوە.

لەسەر هیچ کامیان دانەنیشتووم.

دوو سەرینم لە پەڕەکانی ڕەنگی تاوس هەن.

هێشتا سەریان وێنەکراوە.

دوو ڕاخەری ئاوریشمینی زەردم هەن،

لە هەموو لاوە خاڵ بە خاڵ وەك ئەستێرە بریسکە دەدەن.

چاوەڕێم بێیت تا ڕەنگی برۆنزی من و تۆ لە خۆدا ونکەن.

چاوەڕێم و ساڵ دەژمێرم ... تادەگەیت.

وەرە نەفرەت لە خەونکە، تاکەی بۆ یەك بتلێینەوە،

وەرە لەو سەرابی خۆشنوودە ڕزگاربە.

وەرە و دەست لە سێوی شیعر بەردە.

دەستی پەپوولەیەکی تەمەن درێژ بگرە، دەتگەیەنێتە لای من.

## سێ ئاوێنه و پەیامێک

(١)

تا دینامیتێک چێ دەکەن،

(قوباد) دەنوکێک لە ئاو دەدا و

هەرمێ دەخاتە نێو دێڕ و لە وەسفی لیمۆ دەبێتەوە و

شیعرێک بە باڵای ژن هەڵدەدا.

تا سێرە لە چاوی گوڵێک دەگرن،

دەیان ڕەوە مەلی تر بەرێدەکەون، تا

ژیان پڕکەنەوە لە جریوەجریوو.

**(٢)**

(ئەو) ناتوانێ بۆ ئێرە بێت.

ئەم هەوایە فاسد بووە، ئەم خاکە غەزەب لێیداوە،

بە خوێن نەبێ پاکنابێتەوە.

**(٣)**

(ئەو) دەڵێ:

من هاتووم مانیفێستی خۆمتان بدەمێ.

ئێوە ژیانتان ئاوەژو کردۆتەوە.

زۆرتان دوورخستۆتەوە،

دەبێ ژیان بگەڕێنینەوە یەکەم ماڵ.

یەکەم ئەشکەوت، بۆ لێکدانی یەکەم ستێ و بەرد.

ئەو هەموو زانیارییە بۆ چیە؟

ئێوە مێشکتان جەنجاڵکردووە.

ئێوە ژیانتان قەرەباڵغکردووە بە دەنگە دەنگ.

ئێوە ژیانتان هەراسانکردووە، بە بەخشینی ڕەنگ.

دەنگێك بەسە،

ڕەنگێك بەسە،

ئێوە سادەن لە لوتفی (ئەمیر) تێناگەن.

ئەو کەسێکی میهرەبانە،

ئەوەندە ناسک و سادەیە،

لە چوونە ناو مزگەوتەکانتان دەترسێت.

لە ئاهەنگ و ڕێورەسمەکانتان دەترسێت.

ئەو کەسێکی بە گومانە،

لە بزەی سەر لێو، تەنانەت لە جلوبەرگیشتان دەترسێت.

**(٤)**

دەروازەکان کراوەن و

ئەوان گفتوگۆ نازانن، تەنها بە زمانێك ئاشنان،

نە لە زمانی کۆتر دەچێ،

نە لە زمانی ئاسك و نە لە بێزمانی زەڕافە و

نە لە زمانی باران دەچێت.

ئێوە کێن؟ ئێوە بە ڕۆحمان ئاشنا نین.

ئێوە تاقتاقکەرەی کام سنوورن؟

چ ڕەشەبایەك ئێوەی بێرە وەرکرد؟

ئێوە نامۆن بەم خاکەوە، ئێوە کوڕی بیابانن،

بە ڕووی وەرزەکانی ئێرە ناکرێنەوە.

بڕۆن لێرە.

بە دوای خۆتان دەروازەکان بە کراوەیی جێبهێڵن،

لێرە ژیان بە جۆرێکە، تێکڕا هەموو میهرەبانن.

٢-٢-٢٠١١ ڕەواندز

## ئەو نامانەی دیدارێك دەیاننووسێتەوە

پێشکەشە بە شاعیری گەورەی فارس (شەمس لەنگەرودی)

**یەکەم:**

کە تۆم ناسی،

تێلدڕی سنوورەکان، ببوون بە ڕیزە گوڵێکی ئەفسووناوی.

دڵم دەستێکی درێژکرد، تا تەوقە لەگەڵ دەستی دڵت بکات.

**دووەم:**

دانێ پێڵوی چاوەکانت، بە هێواشی دانێ.

پێڵوی چاوەکانت بە هێواشی لێکدە،

دەزانم دڵێکت هەیە وەك منداڵ،

ئەو دەمانەی لە دێراوی دێڕێك دەگەڕێیتەوە،

سوڕەتێك لە پێلوە تەڕەكانت، وەردەگرم.

وەك پەیكێكی پەیامەكانت،

كوچە كوچە پیتەكان دەڕوێنم، بەڵكو دەمی خونچەیەك بكرێتەوە.

**سێیەم:**

لە تەمەنت مەزنتر دیاری،

چونكە خۆشاوی ئازارەكانت نۆشیون،

بەڵام لای من وا هەست دەكەم،

منداڵێكی گەڕەكەكەمانی و

بە دەست پێم دەڵێی: با بچین بۆ باخ.

گوێ لەو مامۆستایانە بگرین،

كە هەندێكیان عاشقانە باسی مەرگ دەكەن!

**چوارەم:**

داوات لێ دەكەم، ئەو ئەستێرەیەی داتگرتووە و

توند لە مشتت ناوە، جێی منیشی تیا بكەوە.

هەر هیچ نەبێ، شوێنی گۆڕێكم بدەرێ،

لە نزیك گەڕەکی دارهەمێ.

**پێنجەم:**

نەمزانی بۆ ئەوەندە لە ژیان ترسای؟

خۆ هەر دووان سیانێکی وەك تۆن،

فۆڕم بۆ ژیان دادەنێن.

**شەشەم:**

خودایە.

ئەو خودایەی لە ماڵی ماچی من و

لە ماڵی عەشقی تۆ،

وەك باوکێك، ڕۆژانەی ماچ بە من دەبەخشێ،

ئەو ماچەی بە تەنافیی هەڵیواسیم.

بە تۆش سەری عەشق دەبڕێ و

دەکەویە چاوەڕوانی چاکبوونەوەی.

**حەوتەم:**

من سەر بە وڵاتی ماچێکم.

ئەو وڵاتە نا، کە (تۆ) لە چل و دووساڵیدا ونت کردبوو،

کە ئەویش هەر وڵاتی ماچ بوو،

ماچێکی تاقانە،

کە وەك کەپر، هەتاو ون ئەکات لەخۆیدا.

ئەو ماچەی خەریکە بمنووسێتەوە و

بمخاتە بەردەم نیشانەیەکی سەرسوڕمان.

**هەشتەم:**

گەر بتەوێ بە دۆنکیشۆت،

ڕۆحی سێرڤانتس شادکەیت.

منیش دەمەوێ،

(میرزا) یەك بم لە تەنکەی باخەڵی،

(بزورگی عەلەوی) وەك پارەیەکی کۆن بمێنمەوە،

کە دڵی نەهێت بە هیچ کاڵایەك بمگۆڕێتەوە.

٢٠٠٧/١١/٢٥ سلێمانی

## دوایین نامە

درەنگ هاتی،

وەك شەبەنگێك بەسەر کەلەبەرە تاریکەکانی ڕۆحما ڕژایت.

لە وێنەی پێکەنینێکدا دەرکەوتی،

کە تەنیایی لێسەندمەوە.

وەك ئاسوودەیی مرۆڤێکی خۆشنوود.

دەنگت ئەو تەڕاییەی دەدا.

هەستی هۆگری لە ڕۆحم ڕادەپەڕاند.

چەند درەنگ کەوتی تا بارانێك لەگەڵ خۆی هێنای.

هەر زوو نەهاتی تا ڕەهێڵەیەك لەگەڵ خۆی بردی!

تازە ...

چیدی، دەنگێك بە گوێم ناگات.

چیدی، قاقایەکی ناوەخت، هەودای پەیڤەکانم ناپسێنێ .

دێراوی چلە نێرگزەکانی ڕۆحم ناکات!

تازە چیدی ...

ئەو کۆمێنتە شەرمنانە، کە بە سڵاو دەستیان پێدەکرد.

بە پاڕانەوەکانی من دواییان دەهات، ناژنەوم.

ئیدی تەواو،

چیدی لە زەنگە ناوەختەکانیان،

کە ڕۆحم پێیدەگوتم هی ئەوە ... ڕاپەڕە،

ڕاناپەڕم.

چەند زاڵمانەیە ئەوین، چەند بێقامەتە ئارامی،

چەند لەسەر پێیە چاوەڕوانی، چەند سەرشێتە ئەویندار،

چەند خێرایە بڕیار، بڕیار بۆ تێگەیشتن لێم،

چەند لاپەرەسەنە باران بۆ ڕێگرتن لە پەیڤین.

دەزانم گوڵم.

هەتا ڕستەی (بۆ هەمیشەماڵئاوا!) دارێژراوە.

چەند فرمێسك هەڵڕژاوە.

ئاخر خۆ خەتایەکە ئەوەندە گەورەنەبوو؟

ئاخر خۆ زوڵمەکە ئەوەندە کوشندەنەبوو؟

ئاخر خۆ تێگەیشتن لێم ئەوەندە ئەستەم نەبوو؟

ئاخر خۆ تێگەیشتن لێت ...

نازانم چ (ڕەشەبایەك) هەڵیگرتی، بەم ئێوارە .

چ بارانێکی ناوەخت قاچەکانتی بێرە وەرکرد!

لە دوو پەیڤی جێماوی بریندار، چیت بۆ جێهێشتم.

لە ڕستێك فرمێسك، کە بێدەسەڵاتانە هەڵڕژان چیم بۆ مایەوە.

دەزانم ... گوڵم،

ئەمە پاداشتی ئەوینە.

ئەمە ئەو خەنجەرەیە تازە دەمدۆزێتەوە.

تازە بە شوێن بۆنی برینەکانمەوە دەکەوێ.

ئیدی بۆ ئەبەد ڕەنگ بە بەر یادگارییەکانمەوە ناهێڵێ .

ئیدی بۆ ئەبەد لە نێو برینەکانمدا دەخەوێ!

# جەمال

لەنێوان شیعر و پەخشاندا تێکەڵەیەک

**بەشی یەکەم**

پێنووسێك لە کۆتا ڕۆژەکانی زستان، دوا دڵۆپەکانی ئاوا لەسەر بەفر ڕژابوون:

من کوڕی کوێستانەکانم،

سەرم پڕە لە بارانی وەفا ... بارانی نمەك.

دەمەوێ داببارم بەسەر دڵە ڕەقەکان .

بیاننوێنمەوە وەك پەشمەك .

دەمەوێ (خەندە)[1] بڕوێنم لەسەر ڕوخسارە تووڕەکان.

(هاودەنگ)[1]بم لەگەڵ ناڵەی جودایی ئەو ئاوارانەی لە وڵات دوورن.

دەمەوێ ئەو (هاوژینانە)[1] بدوێنم، کە باسی یەکەم خۆشەویستی خۆیان دەکەن.

دەمەوێ ببمە پردی ئەو (خەرەندەی)[1] لێکمان ئەکات.

ژینێک بژیین، وەک (کۆژینی)[1] پڕ لە ئومێدی ڕاپەڕین.

پڕ بەدڵ حەزەکەم، ئاشتی ... ئاشی ئەم کایە هەڵسوڕێنێ .

* * *

ئەمجارەشیان بەخێرایی ... وەك خێرایی (با)

نامەیەکی پەلەی جێهێشتبوو، هەر ئەم چەند دێڕەم بۆ خوێندرانەوە،

نەمدەزانی ئەم بەهارە بێ ئێوەنابم ...

خۆ من خەتایەکم نەبوو، (بەهار)

نێرگزەکانت لێ تۆراندم.

خەندە و بزەکانت لێ شاردمەوە .

کێ لە بیری ئەوەدابوو، جارێکی دی (قەڵا)[2] سێبەر ناکاتەوە بەسەر باڵام.

(سەندیکا)[3] دەرگاکەی بێ من دەکاتەوە.

(مەچکۆ)[4] دەستم ناگرێ بۆ چاییێك.

(ئاوێزان)[5] خەیاڵەکانم ناخواتەوە و مەستم ناکات .

(نووسەران)[6] داوەتنامەیەکی تەڕم بۆ نانێرێ.

سلێمانی، بۆ کۆڕێك ... کۆبوونەوەیەك بەکێشم ناکات.

دایکم چەپکێکی تەڕی نێرگزم لەو منداڵە ئاوارەیە بۆ ناکڕێ .

(هەمین)[1] جارێکی دی زەنگم بۆ لێنادات و پێم بڵێ: ها جەمال بە سەلامەتی گەیشتن؟

*　　　*　　　*

منیش خەم نایەڵێ دەردەدڵی خۆمت بۆ بڵێم: هاوڕێ جەمال ..
ئەگینا هەر من دەزانم،

چەند مەراقت بۆ ئەو خوێنە ڕژاوانە دەخوارد،

کە ڕۆژنامەنووسێکیان تیا دەگلاند.

میلی ڕادیۆت چەند بادەدا.

چەندت کلیك لەسەر گەرمترین هەواڵ دەکرد

کە لە ڕۆژاوا پێشڤەچوون دەبوو

لە باکور کۆمەڵکوژی،

لە ڕۆژهەڵات مەرگی تاقانەکان بەسەر دارەوە،

لێرەشەوە، نەتدەزانی ئاخ بۆ بەژنی کام شەهید هەڵبکێشی .

تۆ چ دڵێکت هەبوو هاوڕێ:

گەرمیان و کوێستان،

پێدەشت و گوڵەگەنمەکانی،

ڕەز و گوڵەباخەکانی،

ڕووبار و هاژەکانی،

چیا و بەفر و هەوری سەری.

قەڵا و منارە و ئەزمڕ و بەمۆ.

ئەڵوەند و پردی دەلال، مەهاباد و کەرکوك .

ئامەد و قامیشلۆ،

هەمووت لەوێدا کۆدەکردنەوە.

نەتدەزانی ئەو دڵەت بەرگە ناگرێ.

دەتگوت: خۆ من ڕۆژنامەنووسێکم،

گەر خەفەت بۆ (وان) نەخۆم.

بۆ منداڵێکی جزیرە نەنووشتێمەوە .

بۆ کۆڵبەرێکی مەریوان نەگرییم.

چ پێناسەیەکی هەڵەم هەڵگرتووە .

ئەبینی هاوڕێ ... چەند سەیر و سەمەرەیە (کات)

بە ئارەزووی خۆی دەمانگوێزێتەوە، چاوشارکێمان لەگەڵ دەکات.

*　　　*　　　*

**بەشی دووەم**

هەر کولوکی جەژنە لەبەرپێی تەنیاییم دەتەقنەوە،

کەچی گوڵ ڕەنگی پەڕەکانیم لێ دەشارێتەوە،

مەلەکان دێن لەسەر کۆتەڵی تەنیاییم هەڵدەنیشن.

خەندەکانم لێ دەبەن.

بە دەنووکیان لە گۆمیچکە ئاوی چاوم ... تێراو دەبن.

دەگەڕێنەوە ئاسمان.

نازانم ئەوێ بە ماڵی یەکەمیان ناوبنێم،

یان ئەم زەمینە کەمڕەنگە؟

*        *        *

ئەم بەیانییەش ...

سەری خۆڵەمێشیم هەڵکێشاوە لە یادەوەرییەکانی تۆ.

باڵام هەڵکێشاوە لە ئاوی ڕەنگ.

خەیاڵم دوور دەڕوا دەیەوێ پێت بگات.

دەیەوێ، مەجلیسێك بۆ خەم دانێین.

تاوتوێی نەهامەتییەکانی تەمەن و

کراسە ڕەشەکانی دایکمان و

هەژاری ئەو ڕۆژانە بکەین، کە بێ خۆشەویستی تێدەپەڕن،

بۆ ساتێکیش دەنووك لە ئاوی ئایدیۆلۆژیا و

کاسەی خەمی ئەو دڵانە بدەین،

کە کۆستی ڕۆژانەی شەهیدێك قەرەباڵغی کردوون.

*        *        *

هاوڕێم جەمال ...

من نامەوێ ئەو نیشتمانەت بیرخەمەوە،

کە لە دابەشکردنی خۆشییەکانیدا لەوێ نەبووین.

نامەوێ چاوچنۆکی هەندێك کەست بیربێنمەوە،

کە دەیانەوێ پاروو لە دەم بڕفێنن!

دەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم:

ئێرە هیچ جەمالێکی تیا نەماوە.

خەندە، بستێك لەسەر ڕوو ڕادەکشێ، بە درۆ!

خۆشەویستی هەر وەك خۆیەتی، لەنێو مەسیجی مۆبایل خۆی حەشارداوە.

خەم ... هەروەك چۆن جێتهێشت لەنێو دڵمدا وا لەوێ کزکز دەسوتێ.

لێرە بۆ هەر خیانەتێك، پاساوێکیان حەڵاڵکردووە.

ئاهورامزداش زۆر بە کەمی سەر بە ماڵی ئەم نیشتمانەدا دەکات.

خۆت دەزانی ئەو شوێنەی پاساوڵی درۆی لێبێ،

ئەو پێی پیاناکات.

ئێرە پڕ بووە لە کۆشکی هاڕونەکان.

لە ڕوودا وەك "عەلی" فرمێسك بۆ هەژاران دەڕێژن،

لە پشتەوەش کۆشکەکانیان پڕکردووە لە کەنیزەك و ژێرزەمینەکانیش پڕ لە دراو.

هەر شەهادەی تەزویری کوردایەتییە دەبەشرێتەوە بەسەر ئەم و ئەو.

ئەوانەیش بێبەشدەکرێنەوە، کە لە ڕووی سوڵتانا دەڵێن (نا)

*　　　*　　　*

هاوڕێم جەمال ...

لە نامەکانی دواتردا لەو هەواڵانە ئاگادارت ئەکەمەوە کە نیشتمانی پیاگوزەر دەکات ... دوور نییە دۆڕاندنی نیشتمان، ببێتە سەردێڕی هەواڵەکانی داهاتوو.

ئەوەنییە، داوەتی ئەردۆغان دەکەن تا بێت زەمانەوەندەکەی لەبەر هەیوانی دڵە هەلاهەلابووەکەمان بگێڕێ و لەسەر لاشەی گەریلادا نەخشەی دەوڵەتی عوسمانی پانکاتەوە!

ئەوە نییە... لە نیشتمانی خۆمان بە بارمەتەگیراوین و

گۆڕدراوینەتەوە بە دراوێکی داشکاو و هەرزان،

لە گیرفانی خەیرییەکان، وا خەریکە ئێکسپایەر دەبین و کەڵکی مامەڵەشمان پێوە نەماوە.

ئەوە نییە، هەموومان هەریەکەی بە ڕەنگێ دەچینە ناو سیناریۆ بێتامەکان، کە هیچ بینەرێک تاقەتی نەماوە بیانبینێ .

ئەوە نییە، لەو پارچە دڵەی ڕۆژهەڵات، ژن باڵا دەکات، کەچی حزبەکان لە قۆزاخەی خەیاڵدان و دەیانەوێ بە بەیاننامەیەک وەڵامی ژیان و ئازادییمان بدەنەوە.

چیترت بۆ بگێڕمەوە لەو سەربردانە، کە کەمیان تامی ئازادی دەدەن

کە کەمیان بۆ یەکسانی پێماوە .

کە پنجێک نەماوە بەناوی ئومێد دەستی بۆ ببەین.

کە پنجێک نەماوە بەناوی ئومێد

کە پنجێک نەماوە .

کە پنجێک

کاکە ...

٢١ -١ -٢٠٢٣ هەولێر

---

[١](هاودەنگ، هاوژین، خەرەند، کۆژین، هەمین)، ناوی کچ و کوڕ و هاوسەری جەمالن.

[٢]قەڵا: قەڵای هەولێر

[٣]سەندیکا: سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

[٤]مەچکۆ: چایخانەی مەچکۆ

[٥]ئاوێزان: یانەیەکە لە هەولێر

[٦]نووسەران: یەکێتی نووسەران

## ئاوارە

کە گەڕامەوە نیشتمان
یەکەمجار چیاکانم بینی، گەزگەز باڵایان کردبوو
کێلی گەردنیان وەک زێڕ بریسکەی دەدا
گەڕەکەکەمان، بە کۆڵانی نوێ ئاوس ببوو
کۆڵانیش لێوڕێژ ببوو، لە خانووی نوێ
چاوم دەگێڕا ئەو مێردمنداڵانەی هاوتەمەنم ببینیمەوە
یەک یەک گەنجی کەڵەگەت بەرەوپیرمەوە دەهاتن
هەبوو لاجانگی سپی ببوون
هەبوو ڕیش و سمێڵی ئەوەندە بەردابووەوە
بەئاستەم لەنێو ڕەشایی موودا، دوو چاو

وەک دوو بنکە مۆمی ناو شەمدان دەبریسکانەوە
هەموویان دەم بە خەندە و
دەستئاوەڵا بۆ باوەش وەستابوون
پێکڕا دەیانگوت وای حەمە چەند گەورە بوویت!
ئەو باوەشی پێکدادانە هێند گەرم بوو
دڵی دەتواندەوە و ڕۆحی دەفڕاند.
بە پەلەبووم
تا کانیاو و ڕووبار و زنار و خەرەند و درەختەکانی ببینم
کە کانیاوێکی نییە، پۆرگێکی خەیاڵم نەتەقێنێ
ڕووباریشم دەویست، وەک جاری جاران ڕازی نوێی بدەم بە گوێدا
ئاخۆ دەتوانم وەک جاری جاران، چون سمۆرە
بە ڕەوەز و زناراندا هەڵگەڕێم؟
سەرسامانە لە دیار سەمای کۆترە شینەکانی خەرەند ڕابوەستم
دەتوانم پیتە هەڵکۆڵراوەکانی خۆم و ئەو کیژەی بە خەیاڵ خۆشمدەویست لەسەر ئەو دارچنارە ببینمەوە؟
لەوێ شەو نەبوو خەون بە نیشتمانەوە نەبینم
ئای چەند شیرینە نیشتمان
وای چەند بیرم دەکردی پیرەشار.

١٠ و ١١ی ٢ ی ٢٠٢٤ هەولێر

## شەونخوونی

لەوەتەی پارچەیەکم ئاوێزانی بەیانیان بووە.

شۆخێك، کردوومیەتە سکێچێکی پڕ لە هێڵ.

کاتم بەشی سەرخەوێکی تیا نەماوە.

فڕینێك "بیر"م ناکاتەدەر لە جوگرافیای سێبەری.

ئێستا لەو ئێوارانەدا ناژیێم،

کە تەنیاییم بە کۆڵانەکانی دەسپارد.

کەوتوومەتە بەر قەدەری فڵچەکانی.

چۆنی بوێت ... بە چەند هێڵێك دەمکێشێت و

کەیش بیەوێت،

له پێشانگایەکی نایاب،

له چوارچێوەی بەیانی باشێك دادەنێ.

*                    *                    *

خۆزگە دەخوازم.

لەژێر تریفەی چاوەکانی.

وەك مورووێکی تەنیا، وەك سەدەفێکی خامۆش، بدرەوشێمەوە.

بە ڕەنگەکانم پێی بڵێم:

ئەم تیشکە نوێیانەت پیرۆزبێت.

*                    *                    *

دە توخوا بەسیە چیتر،

بەم هەموو نیگا شەرمنانە قژی تەنیاییم ئاڵۆز مەکە،

ئەم هەموو گوڵاوی عیشوە مەڕێژە.

بەم هەموو سەبرە، چیتر دڵۆپە ڕووناکەکانی شەوم مەنێژە.

خۆگەر وابێت و وابڕوا،

لە لۆرکا زیاتر دەنووسم.

لە نیتچە زیاتر قووڵدەبمەوە.

دەبمە فەیلەسوفی زەمان، بەڵام ئەوەش ددان پێدەنێم.

ڕووبەری نووسینەکانم، هەرئەوەندەی تاڵێکی قژت درێژە.

١٦-١٧ /٨/ ٢٠١١ هەولێر

## نابینا

له نابینایه‌کم بیست ده‌یگوت:

تۆ هه‌ست به بۆنی به‌هێ ناکه‌یت له‌به‌ر شێوه گۆییه‌که‌ی.

تۆ چ له باران تێده‌گه‌ی؟

مه‌گه‌ر هێنده‌ی حه‌لکردنی هاوکێشه‌یه‌ك،

خۆت له‌گه‌ڵ خه‌ریك کردبێ.

ده گوێ هه‌ڵخه بۆ ئاوازی، که ده‌یدا له هه‌وره‌بانتان.

له گه‌ڵای دارتووی حه‌وشه‌تان.

ئه‌وه‌ی له (با)شت بیستووه،

ته‌نها سه‌رما و توڕه‌ییه.

کەچی (با) ڕەنگێکی هەیە چاوەکانت ناینووسنەوە.

تۆ ناتوانی، دەنگی ناسکی ژنێك،

لەناو ئاپوورەی خەڵکدا گوێ بیست بی.

تۆ تەنها لە ڕێی دووچاوت، دەتوانی پەڕەکانی دڵت هەڵدەیتەوە.

کەچی ئەوانیش بە حیجاب داپۆشراون.

من بە چاوی پەنجەکانم، کە حیجاب توخنیان ناکەوێ،

هەڵگێڕ و وەرگێڕ بە هەرمێی ناو سینەم دەکەم.

جارجاریش دەیبەخشمە کچێك،

تا لەژێر سەرینی خەوی، بۆنی خۆشی پێوە بکات.

## تەڕبە باران[1]

ڕۆحمان چۆڕاوگەی ئاوی هەڵنەبەست،

بەو بارانەی،

کازیوەیەك دایکرد، کە هەمووومان لەو دیو دەرگا کڵۆمدراوەکان و

پەنجەرە ئاخنراوەکان بە نایلۆن،

زایەڵەی دەنگی یەکمان نە ئەبیست،

نەبادا درزێك لە هەوا بێ و،

تیغێك لە ملی کۆرپەلە نادیارەکەی هیوا بسوێ،

گوێمان لە سۆناتای ڕۆحی ئەو مۆسیقا پاکە نەدەبوو،

کە کزکز و بە کۆمەکۆم،

بوخچەیەکی تژی لە نۆتەی بەشانی دادابوو و

دەڕۆیشت بەرەو کۆختەی هەتاو.

چاومان حوکمی بینینی شتە بەرجەستەکانی لە دەست دابوو،

تەنها ڕۆحی شتەکانی دەدی،

– ڕۆحی باران، کە دەمی کردبۆوە بۆ گوژمەیەك تەڕایی.

–ڕۆحی پاساری، کە لەناو تەنیایی دەستی پان دەکردەوە و

ترس فەروێکی گەورەتربوو لە خۆی،

سەراپای داپۆشیبوو.

شمشێرمان دەدی،

ئارەقەی شەرمەزاری بە تەوێلیا دەهاتە خوار.

خەنجەر قلیچکەی تەڕ تەڕی دەدا.

پێڵاوەکان بەبێ خاوەن، سنوورا و سنووریان دەکرد.

بە چاوی ڕۆح ئەو غوبارەمان دەبینی،

کە بۆنکروزی قژ و ئێسکی ئێمەی لێ هەڵدەستا.

دەزوو دەزوو بە دەمارەکانیا شۆڕدەبووینەوە،

تا بریسکەیەك لەو بریسکانەمان دەدۆزییەوە،

کە ڕۆشنایی ئاگری لێ بێ،

که بۆنی نەورۆزێکی لێوەبێ ...

نەورۆزمان بینی جیاواز لە جاران،

هاتبووە سەر پاشووەکانی و

بە قوڕگێکی تازە شۆڕاو بە قەرسیلە، دەیحیلاند.

حیلاندنێك خەریك بوو وردە وردە گوێچکەمانی دەکردەوە:

– ئای ئەوە منم،

لەبەردەم ئاوێنە خۆم دەبینم؟

– ئای ئەوە منم، بۆ یەکەمجار دەستی بەزەیی باوکانە بەسەر کۆتەڵاکم

دادێ؟

باوەڕناکەم.

نا نا هەرگیز ئەوە وێنەی خۆم نییە دەیبینم.

– ئەی من هەمیشە تەنها نەبووم،

ئەی تەنهایی نەبوو گرێبەستێکی تاهەتایی لەگەڵ من واژۆکرد؟

ئەی تەنهایی نییە لە پێنجەم وەرزی تەمەنم دێتە سەر وادە و

ڕۆحم دەکێڵێ؟

ئەی ئەگەر ئەوە منبم.

کوا قاتە بوزووەکەی بەرم؟

کوا فەقیانەکانی سەر دەستم؟

کوا کڵاشە پەڕۆینییەکەم؟

کوان تاڵە نێرگزەکانی قژم؟

کوا ڕەنگی سارایی چاوم، کە ڕەنگی چاوەڕوانییان گرتبوو؟

خۆ پێم وتن چاوەکانمان حوکمی بینینی شتە بەرجەستەکانی لەدەست دابوو،

بۆیێ پێم وانییە من بم.

ئەوە من نییم،

بە دەستێك شانەی پرچی نیشتمان دەکا و

بە دەستەکەی تریشی،

بە دیار هەشت پیت[٢] خەو دەیبا.

ئەوە من نییم قاچێکم لەنێو هەرێز ڕۆژە سپییەکانم یاداشت دەکا و

قاچەکەی تریشم خەتخەتانە بە ئاگر دەکا.

ئەوە من نییم، ئەوە ڕۆحێکی زەلیلە.

هەردەم خۆی لە بەردەم ئاوێنە دەشوا و

پەراسووەکانی دەژمێرێ.

گومان دەکات ئەوە خۆی بێ.

ئەوە نیاندرتالە و لە شانەدەر ڕێی کردووە و
بەو درەنگە بە مەنزڵگەی ئاوێنە گەیشتووە.

+ خۆ ئەوە باپیرە بوو بۆ وا درەنگ گەیشت؟
تازە مەلا ڕۆیشت فریای مارەکردنی نیشتمان نەکەوتین.
فریای بارانێکی تەڕ نەکەوتین،
تەڕبە باران ئەوە منم (بەتەنیا جێم مەهێڵە)[3]
ئەوە ڕۆحی وشکی منە.
تەنها جارێك بە مارکەیەك بەسەریکەوە، تا چیتر ژەنگ لێی نەدا.
ژەنگی ئەو بارانە گەرمەی، شۆڕش شۆڕش لەگەڵیا بوو.
ژەنگی ئەو هەوا داخدارەی هێدی هێدی دایدەکرماند.
- ئەو تینووی گەردێکە پەلکەزێڕینەی سمیێ.
ئاخر ئەو چی داوە لە تەرازوو.
ئەو لەسەریێتی شەڕی مۆرانە بکات،
ئەو مۆرانەیەی لە نیشتمانە لوولدراوەکەی داوە.
لەسەریێتی قافیە بۆ شیعرێکی تازە دابنێ.
لەسەریێتی قژی سەرچاوی هەڵداوەتەوە.
لەسەریێتی ... لەسەریێتی،

بەڵام ئەو چاوەڕێی تۆیە ...

دەتۆش تەڕبە.

ت

ە

ڕ

ب

ە

ب

ا

ر

ا

ن

٢٩ -٢٠٠٧/٣٠ شاری سۆران-گوندی کانیەڕووت

[1]تێبینی: بۆ مۆسیقای ئەم شیعرە سودم لە کتێبی شیعری (ماڵێك لە ناو زەریاو ماڵێك لە تەنیشت بیابان)ی شاعیر دلاوەر قەرەداغی وەرگرتووە.

[2]هەشت پیت: هەشت پیتەکانی نیشتمان

[3]بەتەنیا جێم مەهێڵن: سوودم لە ڕستەیەکی هاوشێوەی ئەمە، کە لەلایەن شاعیر (ڕەفیق سابیر) بەکارهاتووە، وەرگرتووە.